# Melband


**دەستەی نووسین**

سەربەست کەرکووکی

عەتا موفتی

**بەشی ڕێپۆرتاژ**

هەڵەت هەمەوەندی

سوپاس و پێزانین

مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی زۆر سوپاسی هاوکاری و پشتگیریی دەستەی پشتیوانیی دارایی، کۆمپانیای «ئەسعەدی» و بەڕێزان سلێمان و شەهلا ئەسعەدی، د. ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین و میهرەبان سەعید دەکات.


**مەڵبەند**


**هەر بابەتێکی مەڵبەند بڵاو بکرێتەوە، دەبێت ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدرێت!**


## Kurdish Cultural Centre (KCC)

The Kurdish Cultural Centre (KCC) was founded in 1985 to assist Kurdish refugees in the U.K. and abroad and advance education and knowlodge, especially in the field of the Kurdish culture, in order to preserve and promote the heritage of the Kurds.

## Melband

Melband is produced quarterly by The Kurdish Cultural Centre. All opinions expressed in Melband are those of individual authors and not necessarily the Kurdish Cultural Centre´s


**ناونیشانی مەڵبەند**

## Kurdish Cultural Centre (KCC)

14 Stannary Street
London SE11 4AA
Tel: 020 7735 09 18
Fax: 020 4582 88 94
Email: admin@kcclondon.org
www.kcclondon.org


## مەڵبەند

بڵاوکراوەیەکی وەرزیی ڕۆشنبیریی گشتیی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردە لە لەندەن

مەڵبەند دەستگایەکی ڕۆشنبیری - کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردە لەم وڵاتەدا. ڕێکخراوێکی چارەتی، سەربەخۆیە، بۆ ئەم ئامانجە سەرەکییانە لە ساڵی ١٩٨٥ەوە دامەزرێنراوە:

١ـ یارمەتیی پەنابەرانی کورد لە بریتانیا.
٢ـ پاراستن و گەشەپێدانی فەرهەنگ، زمان، ئەدەبیات، کولتوور و هونەری گەلی کورد.
٣ـ پشتگیریکردنی کێشەی نەتەوایەتیی کورد بە شێوەیەکی گشتی.

ئابوونەی بەشداریی ساڵانە
بریتانیا: ١٤ پاوەند
ئەوروپا: ٢٠ پاوەند
وڵاتانی تر: ٣٠ پاوەند


دیزاینی ڕووبەرگ
ئەکی بابەمیری

پیتچنین و دیزاین:
بنکەی چاپ و پەخشی ئاورا
www.aura-publishit.com

# ناوەڕۆک


نامەی وەزارەتی
دەرەوە... ل٦

نامەی وەزارەتی
ناوخۆ... ل٧



د. مەحموود عوسمان
ئێستا و داهاتووی
عیراق و... ل١٩



شۆڕش حاجی
ئایا کورد خاوەنی
ستراتیژی باڵای... ل٨



فەلەکەدین کاکەیی
جاران بۆ دیعانەی فڵان حزب کارمان دەکرد و ئێستا دەبێت بۆ... ل٢٢



عەدنان حسێن
بۆ ئەوەی کوردستان ببێت
بە نموونەیەک... ل١١



هۆمەر قەرەداخی
پرۆژەی ڕیفۆرمی
خوێندکاریی لە... ل٣٤



ئەحمەد ئەسکەندەری
گۆڤاری «چشم انداز
ایران» و... ل٥٧



ئەنوەر سوڵتانی
شیعری بێسارانی لە
ئاوێنەی... ل٦٨



ڕزگارکەریم
فیلمی بەڵگەنامەیی یا
دۆکیومێنەتەری... ل٨٠



خالد القشطینی
بەرپرسیارێتییەکی
کوردیی ترسناک... ل١٣



کەریم مستەفا
ئاستەنگەکانی پەروەردە
و فێرکردن... ل٤١



ئالان سوڵتانی
ئایا ئەحمەدی خانی
سەرەتای... ل٦٥



پشکۆ نەجمەدین
هێمن لە بەهاری شیعر
و پاییزی... ل٧٢



ئێگۆن بار
گرنگترین کێشەکانی
سەدەی... ل٨٥



ئەیاد ئەبو شەقرا
چەند نموونەیەک لە
دەفتەری... ل١٥



سروە نوری عەزیز
لەبری تاقیکردنەوەی
بەکالۆریا... ل٥٤



کەمال میراودەلی
هونراوە... ل٧٨

سەربەست کەرکووکی
شاعیر... ل٧٥

هەڵەت هەمەوەندی
کاریگەریی زمان لەسەر
میدیای... ل٨٩

# ناوەڕۆک




دلشاد عەبدولڕەحمان
قبووڵی تایبەتی یاسایی نییە و ئەوەی بیکات بەدەر لە یاسایە... ل٢٨




مەڵبەند
عەدنان کەریم لە شاکارێکی تردا... ل٩٨



د. هەژار مەعروف
«ساینس فیکشن»ێکی ناوازەی خۆماڵی... ل٩٢




ڕێگا باریکەکان... ل٩٧



مەڵبەند
یادێک بۆ ١٠٨ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە لەندەن... ل١٠١




جوان بۆکانی
هەورامان و دڵەی دێوانەی هونەرمەند... ل٩٩




فەرهەنگی کوردی - ئەڵمانی... ل٩٤




چیمەن... ئاوایییەکی نوێ لە کوردستان... ل٩٥



شەوێک بۆ هەورامان، یادێک بۆ ماریا... ل١٠٨



کۆڕێک بۆ دوکتۆر فوئاد مەعسوم... ل١١٢




ئەفسانەی گەلی ناوگردان... ل٩٤




کتێبی منداڵان... ل٩٦



ئەحمەد عەسکەری
فشار بۆ جێبەجێکردنی... ل١١٠



کۆڕێکی هونەری بۆ ڕێبوار سەعید... ل١١٣

شێرزاد شێخانی
یەکەی پێویست... ل١١٤

**وەزارەتی** کاروباری دەرەوە و کۆمەنوێلث
بەڕێوەبەرایەتیی ئەورووپا
بەشی: تورکیا
Kings Charles Street
SV1A 2AH

٢٠٠٦/٨/١٧

بۆ بەڕێز:
سەرۆکی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد
14 Stannary Street
London SE11 4AA

بەڕێز/ ئەنوەر محەمەد

زۆر سوپاس بۆ نامەی مێژووی ٢٠٠٦/٥/٢٦ کە داوای کۆبوونەوەتان کردووە لەگەڵ (کیم هۆەیلز).
بەداخەوە بە هۆی بێکاتیی دکتۆر هۆەیلز، ئێمە ناتوانین ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ شاندی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی بکەین.
هەرچۆنێ بێت وەزیری بەڕێز، داوای لێکردووین کە لەباتی خۆی کارمەندانمان کۆبوونەوەتان لەگەڵدا ساز بکەن.
بەرپرسی تیمی تورکیا لە وەزارەتەکەماندا، زۆری پێ خۆشە کە کۆبوونەوە بکات لەگەڵ ئێوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی کوردان لە تورکیادا.
حکوومەتی بریتانیا لە نزیکەوە بە بەردەوامیی بەدواچوونی بارودۆخی خەڵکی کوردی تورکیای کردووە و بۆ ئەوەی لە ئاستێکی بەرزدا حکوومەتی تورکیا هان بدرێت بۆ چاکسازی سەبارەت بە بەرەوپێشەوەبردنی مافە دیموکراتییەکانی کوردان کە لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ بەرەوپێشەوەچوونی بە خۆوە دیوە.
ئێمە لەو باوەڕەداین کە چوونی تورکیا بۆ ناو یەکێتیی ئەورووپایی هۆکارێکی گرنگە و لەو باوەڕەداین کە دەبێتە هۆی زەمانەتکردنی کەشوهەوای مافە دیموکراتییەکان بۆ خەڵکی کورد.
ئێمە لەم ماوەیەدا بەرەوپێشەوە چوونێکمان سەبارەت بە مافەکانی کورد لە تورکیادا بینیووە، وەک:
قەدەغەکردنی قانوونی خوێندنی کوردی لە ساڵی ٢٠٠٣دا لابرا. بواردان بە تۆمارکردنی ڕەسمیی ناوە کوردییەکان.
لە مانگی سێی ٢٠٠٦وە بواردان بە تەلەفزیۆن و ڕادیۆی غەیری زمانی تورکی، دوو تەلەفیزیۆن و ڕادیۆیەکی ناوچەیی بە زمانی کوردی لە لایەن دەستگای ناوەندی بەرپرس مەرەخەسییان پێ دراوە.
ئێستا کاسێت و سی دی و ڕۆژنامەی کوردی بە ئازادی لە ئارادایە، شانۆگەری و کۆنسێرتی کوردی ساز دەکرێن.
سەفارەتخانەی ئێمە لە ئەنقەرە، لە بەدواکەوتنی چەندین کێشەی خەڵکانی کورددا پەیوەندی کردووە بە دەسەڵاتدارانی تورکەوە و بۆ بەردەوامیدان بەم کێشەیە سەردانی ناوچە کوردییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی کردووە.
شاندێک بە سەرۆکایەتیی کۆمیسیۆنی ئەورووپایی، کە دیپلۆماتی بریتانیاییشی تێدا بووە لە(١)ەوە تا (٤)ی مانگی مایس سەردانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای کردووە.
شاندەکە دیداری کردووە لەگەڵ چەندین نوێنەری ناوچەکە، وەک والی و شارداری دیاربەکر، ماردین و باتمان. هەروەها نوێنەرانی ڕێکخەرە مەدەنییەکان و سەندیکای پارێزەران و ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ لە ناوچەکەدا.
بە ڕوونی دەبێت بڵێین بۆ نەشونماکردنی بارودۆخەکە و باشترکردنی مافەکانی کورد لە تورکیادا، دەبێت کاری زیاتر بکرێت و ئێمە بەگەرمی پێشوازی لەو قسانەی سەرۆکوەزیرانی تورکیا دەکەین کە گوتوویەتی: «کێشەی کورد لەژێر شیعاری فراوانکردنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی وڵاتەکە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.»
سەفیری ئێمە لە ئەنقەرە بە بەردەوامیی پەیوەندی بە حکوومەتی تورکیاوە هەیە بۆ بەدواکەوتن و جێبەجێکردنی ئەم قسانەی سەرۆکوەزیران، لە بوارەکانی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا. تورکیا هەمیشە دەکەوێتە ژێر چاودێرییەکی چڕ و گرنگی پێدانی ئێمە لە ماوەی



Foreign & Commonwealth Office

17 August 2006

Mr Anwar Mohammed
Chairman, Kurdish Cultural Centre
14 Stannary Street
London
SE11 4AA

Turkey Team
Europe Directorate
King Charles Street
SW1A 2AH

James.Mason2@fco.gov.uk
020 7008 3184

Dear Mr Mohammed

Thank you for your letter of 26 May to Kim Howells requesting a meeting. Unfortunately due to diary commitments Dr Howells will be unable to meet with the delegation from the Kurdish Cultural Centre. However, the Minister has requested that officials meet with you on his behalf. The desk officer responsible for Turkey would be delighted to meet with you to discuss the situation of Kurds in Turkey.

The UK Government follows the situation of the Kurdish population in Turkey closely and continues to press the Turkish Government at the highest levels to maintain the momentum of reform which has seen the democratic rights of the Kurds extended significantly in recent years. We too believe that the accession of Turkey to the European Union is an important objective, and believe it offers the Kurdish community the prospect of guaranteeing their democratic rights. Already we have seen an improvement in the rights of Kurds in Turkey: legal restrictions on allowing private education in Kurdish were lifted in 2003, and names can now be registered in Kurdish. Broadcasting in non-Turkish languages, including Kurdish, started on National TV and Radio in June 2004. On March 23 2006, two local TV stations and one local radio station began broadcasting in Kurdish after receiving approval from the central regulating body. Kurdish music cassettes, CDs, and newspapers are now freely available, and Kurdish plays and concerts take place.

Our Embassy in Ankara raises individual cases of concern with the Turkish authorities and regularly visits the predominantly Kurdish Southeast of the country. A delegation led by the European Commission, which included a British diplomat, visited Southeast Turkey from 1 - 4 May. The visit included calls on a number of local representatives including the Governors and Mayors of Diyarbakir, Mardin and Batman, as well as civil society groups and the Bar Association. There is clearly more to be done to improve the rights of Kurds in Turkey and we welcomed the statement by the Turkish Prime Minister that Turkey needs "to address the Kurdish issue under a banner of increasing democratisation." Our Ambassador in Ankara has continued to convey to the Turkish Government the need to follow up this statement with social and economic reforms in Southeast Turkey. Turkey will be subject to intense scrutiny during accession negotiations to join the European Union, and advancement in the

گفتوگۆکردن بۆ ئەوەی تورکیا بێتە ناو یەکێتیی ئەورووپاوە و بەرزکردنەوەی ئاستی گفتوگۆکان هاوپەیوەند دەبێت بەو بەرەوپێشەوەچوونانەی لە چەندین بواردا، بەتایبەتی لە بواری مافە مرۆڤایەتییەکاندا تورکیا دەیکات.
ئێمە بەردەوام دەبین دەسەڵاتدارانی تورکیا هان بدەین بۆ ئەوەی بتوانێت بەتەواوەتی بۆ هەموو هاووڵاتیانی تورکیا بواری مافە کولتوورییەکان فەراهەم بکات.
ئەگەر ئێوە لە داهاتوودا بتانەوێت زیاتر گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەن سەبارەت بەم بابەتە، تکایە پەیوەندییمان پێوە بکەن بۆ ئەوەی کاتی کۆبوونەوەیەک دەستنیشان بکەین.

دڵسۆزتان
جەیمس مەیسن
James Mason
بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئەورووپا

**چـاش** ناردنـی نامەیەک بـۆ وەزیری ناوخۆی بریتانیا سەبارەت بە بارودۆخی ئەوانەی لەسـەر مەسـەلەی داواکردنی پەنابـەری لـە گرتووخانەکـانـدان، بەتایبەتـی خێزانـە منداڵـدارەکان، هۆم ئۆفیس ئەم وەڵامـەی خـوارەوەی بۆ ڕەوانـە کردووین، وا دەقە کوردییەکەی پێشکەش بە خۆێنەرانمان دەکەین:

وەزارەتی ناوخۆ (هۆم ئۆفیس)
بەڕێوەبەرایەتیی کۆچبەری و هاووڵاتێتی
Lunar House, 40 Wellesley Road
Croydon CR9 2BY

ڕیفرێنس: ت.ۆ : ٧٦٧ ٣٣
مێژوو: ٢٠٠٦/٨/٣

بۆ بەڕێز:
بەڕێوەبەری ئۆفیس
مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی

بەڕێز / مستەر کەرکوکی

زۆر سـوپاس بۆ ئـەو نامەیـەی کە لە ٢٠٠٦/٧/٢٨دا سـەبارەت بـە ڕاگرتن و زیندانیکردنی خێزان و منداڵان ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆتان کردبوو.

سیاسـەتی حکومـەت ئەوەیـە کە ئەو گرتنانـە لـە زۆربـەی ئـەم حاڵاتانەی باسـیان لێدەکەیـن، شـیاو و مەقبوڵن: گرتن وەکو سـەرەتایەک بۆ پرۆسـەی ناسینی کەسایەتی و بنەمایەک بۆ داوای پەنابـەری؛ یـا ئەگەر هـۆکار هەبێت و هانمـان بدات بـەرەو ئەو گرتنـە، کاتێ داواکاری پەنابەریی سەرکەوتوو نەبێت لـە دابینکردنی مەرجەکانـی وەرگرتنی مافـی بواردان بۆ مانـەوەی کاتی یا بۆ مەسەلەی بەڕەڵلاکردنی؛ یاخود گرتنەکە هاوپەیوەنـد بێت بـە بڕیاری دیپۆرت و دەرکردن؛ یا هەندێ جار بەشێک بێت لە پەلەکردنی پرۆسەی پەنابەری، ئەمانە بە گشتی کاریگەری دادەنێن لەسەر خێزانە منداڵدارەکان و لەسەر سەڵتەکان.

لـە هەمـوو ئـەم حاڵاتانەشـدا گرتنـی کۆچبـەر بـە ژمارەیەکـی کەمـە و بـۆ ماوەیەکـی پێویسـتی زۆر کورتخایەن کاری پێکـراوە، بەتایبەتـی لەبۆ خێزانە منداڵدارەکان. هەمیشە بیر لە بەکارهێنانی ئەو دەسـەڵاتە کراوەتەوە بۆ دانی مافی بواردانـی کاتی یا بەڕەڵلاکردنی کاتی و یـا هەر شـێوازێکی گونجاو کـە دەبێتە هـۆی لەبەرچاوگرتنـی بەرژەوەندیـی ئەو کەسـە گیراوە، پێش ئەوەی بڕیاری گرتنی بدرێت.

هەڵبەتە گرتنی خێزانـەکان بۆ کەمترین ماوە بووە و هەمیشە چاوپێداخشانەوەی بـە پەلـە و وردبینـی تێـدا و بـە دوادا کراوە.

وەکـو نوێتریـن ئامـاری سـێ مانگیی کاروبـاری پەنابـەران پیشـانی دەدات، زۆربـەی هـەرە زۆری خێزانـە منداڵدارەکان تەنیـا ٧ ڕۆژ یا کەمتریان لـە گرتووخانـەدا بەسـەربردووە و هـەر خێزانێک لـە گرتووخانـەدا زیاتر مابووبێتـەوە، هۆیەکەی ئـەوە بووە کە کاتـێ دایک و بـاوک بـە نائومێدییەوە چاوەڕوانـی دەرکردنـی هەنووکەیـی بوون لەم وڵاتەدا.


Home Office
Immigration and Nationality Directorate
Lunar House, 40 Wellesley Road, Croydon, CR9 2BY
General Enquiry Line - 0870 606 7766

Mr Sarbest Kirkuky
Office Manager
Kurdish Cultural Centre (KCC)
14 Stannary Street
London
SE11 4AA.

Our Ref: TO76733

Date: 03/08/2006

Dear Mr Kirkuky

Thank you for your letter of 28/07/2006 written to the Home Secretary about the immigration detention of families with children.

Government policy is that detention is most usually appropriate in the following circumstances: initially to establish a person's identity or basis of claim; where there is reason to believe that the person will fail to comply with any conditions attached to the grant of temporary admission or release; to effect removal; or as part of a fast track asylum process. These criteria apply to families with children as well as to individuals.

In all cases immigration detention is used sparingly and for the shortest period necessary. This is especially true for families with children. There is always a presumption in favour of temporary admission or temporary release and all reasonable alternatives to detention must be considered before detention is authorised.

The detention of families is kept to the minimum period and is subject to frequent and rigorous review. As the most recently published quarterly asylum statistics demonstrate, the vast majority of families with children spend 7 days or less in detention. It is often the case that where detention lasts for longer periods this is as a result of the parent(s) seeking to frustrate removal. The Courts have upheld that continued detention is lawful in such circumstances.

Families with children can be detained at Yarl's Wood Immigration Removal Centre (IRC) near Bedford, Tinsley House IRC at Gatwick and Dungavel IRC near Strathaven in Scotland. Families with children will usually stay at Tinsley House and Dungavel for no more than 72 hours. If detention continues beyond 3 days families will normally be transferred to Yarl's Wood.

هەڵبەتـە دادگا سـەلمانوویەتی کـە لەم حاڵەتانـەدا، هێشـتنەوەی خێـزان لـە گرتووخانەدا دژی قانون نییە.

خێزانی منداڵدار دەشێ لەم گرتووخانانەدا ڕابگیرێن:
نزیک بە شاری ( بێدفۆرد)، Yarl's Wood
Immigration Removel Centre
نزیـک بـە (گاتوویـک) گرتووخانـەی Tinsley House – IRC
نزیـک (سـتراتهەیڤن)ی سـکۆتلەند. گرتووخانەی Dungavel IRC

ئـەو خێزانـە منداڵدارانـەی لـەم دوو گرتووخانـەی دواییدان لە ٧٢ سـەعات زیاتـر ڕاناگیرێن، ئەگەر لـەوەش زیاتر بمێننەوە، یەکسەر ڕەوانەی گرتووخانەی (یەڕلسوود) دەکرێن.

بۆ مسۆگەریی پێکەوەمانەوەی ئەندامانی هـەر خێزانێـک و جیانەکردنەوەیـان لە هەموو ئەو گرتووخانانـەدا، خێزانەکان لـە ژووری تایبەتی خۆیانـدا دەژین. بە ئەنـدازەی بارودۆخـی گرتووخانەکان، ژیانی ئاسایی خێزانی فەراهەم دەکرێت. بـە ڕۆژ هەنـدێ چالاکی بـۆ منداڵان و سـاوایان لە ژووری تایبەتی چاودێریی منداڵان پێشکەش دەکرێن.

لـە گرتووخانـەی (یەڕلسـوود)، کاری پـەروەردە و فێرکـردن بـۆ منداڵانـی تەمەنـی قوتابخانـە ئامـادە کـراون. منـداڵان بەسـەر کلاسـی سـەرەتایی و ناوەنـدی دابەشـکراون و فێرکـردن لەلایەن مامۆستای شارەزاوە پێشکەش دەکرێن.

دەسـتەی پـەروەردەی تایبەتمەنـد لـە گرتووخانـەی ناوبـراودا، هـەردەم لـە هەوڵـی مسـۆگەرکردنی پرۆسـەی خوێندنی بەردەوامە لە ماوەی مانەوەی منداڵان لەو گرتووخانەیەدا.

جگـە لـە هەبوونـی بەڕێوەبەرێکـی خزمەتگوزاریـی منـداڵان، مامۆسـتا و کارمەندانی باخچەی منداڵان و کارمەندی کاتیـی کاروبـاری کۆمەڵایەتـی لـە گرتووخانەی (یەڕلسـوود)دا، کارمەندی خزمەتی کۆمەڵایەتی ناوچەکە (دەرەوەی گرتووخانەکـە)ش دەبێتـە بەرپرسـی چاودێریی گوزەرانی هـەر منداڵێک کە زیاتـر لـە ٢١ ڕۆژ لـەو گرتووخانەیەدا بووبێـت. هەڵبەتـە ڕەچاوکردنـی خاڵ بـە خـاڵ و وردەکارییـە گرنگـەکان هـەردەم دەکرێـن بـۆ پێداچوونـەوەی بـارودۆخ و گوزەرانـی خێزانـەکان لە گرتووخانەکاندا.

لە سەرووی ئەمانەشـەوە دەبێت بڵێین کـە هـەر منداڵێـک ٢٨ ڕۆژ زیاتـر لـە گرتووخانەدا بمێنێتەوە، حاڵەتی پشکنین و چاودێریـی وەزارەت دەبێتـە ئەرکی پێوست.

لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەدا ئێمـە دەزانین گرتنـی خێزانی منداڵدار، مەسـەلەیەکی گران و پڕ مەترسـییە، ناشـێ ڕاگوزەر بە سـەریدا تێپەڕین و پشتگوێی بخەین، بۆیـە گوێدان بە هـەر حاڵەت و بە هەر بەشـێک، زۆر زەرورە بۆ چاکسازی و فراوانکردنـی سیسـتەمی حکومەت بۆ کاروبـاری پەنابـەری و بـۆ چۆنیەتیی کۆنترۆڵکردنێکی شیاوی ئەم مەسەلەیە، زۆر زەرور و گرنگە.

Ms . J. Dulieu
بەشی نامەگۆڕینەوەی وەزارەت

# ئایا کورد خاوەنی ستراتیژی باڵای خۆیەتی؟

شۆڕش حاجی

## سەرەتا و پێناسەیەک

یەکەم هەوڵی هەمووو کۆمەڵەکەسێک لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە دابینکردنی بژێوی بووە لە پێناوی مانەوە و درێژەدان بە ژیان، ئەمجا بیریان لە خۆپاراستن و گەڕان بەدوای ئاسایشدا کردۆتەوە. بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵەکەسانە یان ئەو کۆمەڵە، بتوانن درێژە بەم بارەی خۆیان بدەن، دەبوو هەوڵی دابینکردن و بەردەوامیی ئەم دوو پێداویستییە بۆ مانەوە و بەردەوامیی ژیانی خۆیان بدەن.
زیادبوونی ژمارەی خەڵک لەو کۆمەڵانەدا و پێشبرکێی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان پێداویستییەکی تری هێنایە پێشەوە، کە ئەویش بیرکردنەوە بوو لە مسۆگەرکردنی شوێنی حەوانەوە و گۆڕەپانی پەیداکردنی سەرچاوەی تری بژێوی بۆ دوارۆژی ئەو کۆمەڵانە. بیرکردنەوە سەبارەت بە دوارۆژ پاڵی بەو کۆمەڵانەوە نا، لە لایەک ئامانجەکانیان دیاری بکەن و لەلایەکی تریشەوە نەخشە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و بەدەستهێنانی پێداویستییەکان تاوتوێ بکەن. ئەمەش شێوە سادە و سەرەتاییەکەی پێناسەی ستراتیژە.
دیارە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵ و پەیدابوونی بیری فەلسەفە و دروستبوونی قەوارەی دەوڵەت و پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای نوێدا، پێناسەی ستراتیژ قووڵتر بۆو ەو دارِشتنی ستراتیژ لە زۆر بواری ژیان و سیاسەت و ئابووریدا بوو بە شتێکی پێویست.
ئەگەرچی وشەی ستراتیژ و نەخشەی ستراتیژی تا ڕادەیەکی زۆر بە کاری سەربازی و شەڕەوە بەستراونەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ستراتیژ و نەخشەی ستراتیژی بۆ هەموو بوارەکانی ئابووری، نەتەوەیی، کارگێڕی، ئاسایشی نەتەوەیی، ڕۆشنبیری و تەکنۆلۆژیایی



شۆڕش حاجی

وەک کاری سەربازی و شەڕ بایەخدار و گونجاون.
ستراتیژ بەپێی پێناسەی زانستی بریتییە لە نەخشەیەکی کاری درێژخایەن و هەمەلایەنە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو. بەو پێیە نەخشەی ستراتیژی پرۆسەی دانان و جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکە لە خۆ دەگرێت.

## ستراتیژی سەرکەوتوو

هەموو ستراتیژێک دەبێت لە چوار هەنگاوی سەرەکی پێک بێت. هەنگاوەکان بریتین لە:
یەکەم: شیکردنەوەی بارودۆخەکە. دەبێت هەموو هەلومەرجەکان لەبەر چاو بگیرێن و پێداویستییەکان تاوتوێ بکرێن و سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان هەڵبسەنگێنرێن. دەبێت خاڵە بەهێز و لاوازەکان دیاری بکرێن و بە باشی دەرک بە هەڕەشەکان و هۆکارە یارمەتیدەرەکان بکرێت.
دووەم: بەرچاوڕوونی لە دیاریکردنی ئامانجەکاندا. پێویستە ئامانجەکان دیار و هەستپێکراو بن. ئەوەی کە لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە ئامانجەکان دەبێت مەعقول و قابیلی بەدەستهێنان بن.
سێیەم: دابینکردنی پێداویستییەکان. پێویستە زۆر بەوردی پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی نەخشە ستراتیژیەکە دەستنیشان بکرێن، ئەمجا نەخشە بۆ دابینکردنیان دابنرێت. ئەمە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی نەخشەی ستراتیژی. دیارە هیچ ڕووداوێک لەخۆوە ڕوو نادات و هەموو کارێک بەشێکە لە پرۆسەیەکی هەمەلایەنە.
چوارەم: جێبەجێکردن و چاودێری و گونجاندنی نەخشە ستراتیژیەکە. ئەم بەشەیان پێویستی بە چاوی تیژ و ورەی بەرز و ئامادەییە بۆ گۆڕان و گونجان لەگەڵ پێشهاتەکاندا.
ستراتیژی باش ئەوەیە کە بتوانێت ئامانجەکانی بەئاسانی بێنێتە دی و لەگەڵ هەلومەرجە ناوخۆیی و بابەتییەکاندا گونجاو بێت. ستراتیژی باش بەوە دەوترێت کە بتوانێت لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بگونجێت و هەرکاتێک گۆڕانێکی چاوەڕواننەکراو هاتە پێشەوە یەکسەر بتوانێت تەعامولێکی گونجاو و سەرکەوتوی لەگەڵدا بکات. هەروەها دەبێت ئەو ستراتیژە هێندە هەمەلایەن و چڕوپڕ بێت کە هەموو شتێکی لێک دابێتەوە و وەڵامی بۆ هەموو ئەگەرەکان دانابێت. کۆمەڵەستراتیژێکی جیا بەیەکەوە لە بوارە جیاکانی ژیان و ئیدارە و ئاسایشدا ستراتیژی باڵای نەتەوە یان دەوڵەت پێک دێنن.
ستراتیژی باڵای نەتەوە بریتییە لە ئامانجە دوورەکانی ئەو نەتەوەیە و نەخشەی کار بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و دابینکردنی پێداویستییەکانی گەیشتن پێیان، لەپێناوی دواڕۆژێکی بەختیار بۆ نەوەکانی داهاتوو. بە هەمان شێوە ستراتیژی باڵای دەوڵەت بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئامانجە دوورەکانی ئەو یەکەی حوکم و دەسەڵاتە لە سنوورێکی




دیاریکراودا، لەگەڵ تاوتوێکردنی هەلومەرجە ناوخۆیی و بابەتییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە، لەپێناوی پتەوکردن و بەرەوپێشبردنی دەوڵەتەکە.
ئەسکەندەری مەزن یەکەم کەس بووە لە مێژوودا کە نەخشەی ستراتیژی لە شەڕدا بەکارهێناوە. ئەم سەرکردە مەزنە لە سەدەکانی پێش زایینەوە بایەخی بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێزەکانی دوژمن داوە و ڕەچاوی هێزی یەدەگی کردووە بۆ درێژەپێدانی شەڕ. هەروەها پێداویستییەکانی شەڕ و پەلاماری لە پێش دەستپێکردنی شەڕەکاندا دابین کردووە.

## چەند بوارێکی گرنگی ژیان لە کوردستان

زۆربەی هەرەزۆری وڵاتان و گەلانی دنیا لەم سەردەمەدا چەندین ستراتیژی ڕوونیان سەبارەت بە زۆربەی بوارەکانی ژیان و پێشکەوتن داناوە و پەیڕەوی دەکەن. بەڵام ئایا ئێمەی کورد هیچ ستراتیژێکمان وەک ئەوەی کە لە سەرەوە باسی لێوە کرا، بۆ هیچ بوارێکی ژیان و دواڕۆژی گەلەکەمان داناوە؟
ئەوەندەی گوێ لە هەواڵ و دەنگوباس و چالاکییەکانی دەستگا دەسەڵاتدار و سەرکردایەتییەکانی کورد دەگرین، هەم ئەوەی لە میدیاکاندا باسیان لێوە دەکرێت و هەم ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی دۆست و هاورێکانەوە دوور لە چاوی میدیا دەست دەکەون، گومانی ئەوە لای مرۆڤ دروست دەکات کە دەستگا سەرکردایەتییەکانی کورد هیچ ستراتیژێکی باڵایان بۆ نەتەوەی کورد و ئیدارەی حکومەت دانابێت. خۆزگە ئەم بۆچوونە هەڵە بووایە! بەڵام بەداخەوە ئەوەی بەدی دەکرێت زەنگی خەتەرە بۆ دواڕۆژی کورد.
نەیار و دوژمنانی کورد چاوەڕێی ئەوە ناکەن ئێمە ستراتیژێکی نەتەوەیی یان دەوڵەتی دابنێین ئەمجا ئەوان بکەونە خۆیان و دەست بکەن بە داڕشتنی ستراتیژێکی بەرامبەر، بەڵکو ئەوانە لە هەمووو بوارەکانی ئابووری و سیاسی و نەتەوەییدا ستراتیژی ڕوون و ئاشکرایان هەیە و هەمووو هەوڵەکانیان خستۆتە گەڕ بۆ بەدیهێنانیان.
لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا چەند نموونەیەکی زیندووی ژیان و ئیدارە لە کوردستانی خواروو (کوردستانی عیراق) باس دەکەین.
ئەگەر سەیری ژێرخانی ئابووریی کوردستانی عیراق بکەین، دەبینین دوای پانزە ساڵ لە نیمچەئازادی و هاتنی دەیان ملیار دۆلار بۆ نێو بازاری ئەوێ، هیچ جۆرە ستراتیژێکی ئابووری لەو پارچەیەی کوردستاندا بەدی ناکرێت.
بۆ نموونە: دەیان هەزار جووتیار لەبری ئەوەی پێداویستی و ئامێری کشتوکاڵیان، بە هەر شێوەیەک بێت، بۆ دابین بکرێت و هان و یارمەتی بدرێن تاکو گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە و ئابووریی کشتوکاڵی، مەڕداری یان پیشەسازیی سەرەتایی کشتوکاڵی لە گوند و کێڵگەکانیاندا دابمەزرێنن و پتەوی بکەن، ڕێگەیان بۆ خۆش کراوە بێنە ناو شارەکانەوە. زۆربەی ئەو جووتیارانە لە دامودەستگا حیزبی و حکومییەکاندا کراون بە موچەخۆری بێ بەرهەم. ئەم دیاردەیە لە لایەک مەترسیی لەسەر ئاسایشی ئابووری بۆ دواڕۆژی کوردستان دروست کردووە، لە لایەکی تریشەوە چەندین کێشە و گیروگرفتی خانووبەرەو خزمەتگوزاری لەناو شارەکاندا دروست کردووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دیاردەیە بووە بە هۆکارێکی گەندەڵی.
ئێستا زۆربەی هەرەزۆری بەروبوومی کشتوکاڵی، تەنانەت سەوزە و میوەش بۆ بازاڕەکانی کوردستانی عیراق لە وڵاتانی دراوسێی کوردستانەوە دەهێنرێن. ئەمەش وابەستەییەکی زۆر ترسناکی بازاڕی کوردستانی

عیراقە بە وڵاتە دراوسێکانمانەوە کە لە رووی ستراتیژییەوە دوژمنی خەڵکی کوردستانن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەترسی بۆ سەر ئاسایشی بژێو، کە کۆڵەکەیەکی ئاسایشی نەتەوەییە، دروست دەکات. ئەمە لەکاتێکدا کە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستانی عیراق گەر لە هی ئەو وڵاتانەی دراوسێمان باشتر نەبن، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە هی ئەوان خراپتر نین.

لە شارەکانیشدا دەیان هەزار خانوو، تەلار و باڵەخانە، بێ گوێدانە نەخشەیەکی رێکوپێکی شارستانیانە، دروست کراون و بەردەوامیش دروست دەکرێن. لەمەشدا دابینکردنی کەرەستەی خانوودروستکردن و خزمەتگوزاری (وەک ئاو و رێگاوبان و کارەبا و ئاوەرۆ) بۆ گەرەکە نوێیەکان و چاککردنەوە و ئیدارەی خزمەتگوزاری لە گەرەکە کۆنەکاندا بووە بە گرفتێکی گەورەی تر. لە ئەنجامدا دیسانەوە ئەم کەرتە گەورەیەی ئابووری (کەرتی بیناسازی و رێگاوبان) بە کۆمپانیا بیانییەکان و رژێمەکانی دراوسێوە بەستراونەوە. بەمەش یەکێک لە پایەگا گرنگەکانی مانەوە و گەشەکردنمان لە دەست خۆمان داوە.

نابێت هەڵومەرجی سەختی چەند ساڵی رابوردوو بکرێت بە بیانوو بۆ پاساودانی ئەم پاشاگەردانییەی نەبوونی نەخشەیەکی ستراتیژی لەم بوارەدا. سەرەرای سەختیی سەردەمەکە و هەلومەرجە بابەتییە نالەبارەکان، دەکرا زۆر شت لەم بوارەدا لەمەی ئێستا باشتر بووایە!

تائێستاش لەبواری پەروەردە و فێرکردندا ستراتیژێکی روون و دیار بەدی ناکرێت. زۆر لە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکان هی سەردەمی بەعسن و دەبوو زۆر دەمێک بووایە بگۆردرابان. تەنانەت شێوەی فێرکردن و خوێندن تائێستاش هی ئەو سەردەمانەن کە دەمێکە لە دنیای خوێندن و فێربووندا کاتیان بەسەرچووە. هەروەها هیچ هەوڵێکی جددیش نەدراوە بۆ باشترکردنی ژیانی مامۆستایان.

سەرەرای هەموو ئەمانە لە کردنەوەی دامودەستگای نوێی خوێندنی باڵا و پەیمانگاکاندا ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە و پێویستیی هەبوونی ئەو جۆرە دەستگایانە بۆ پرکردنەوەی بۆشایی لەو بوارەی زانست و کار و فێربووندا رەچاو ناکرێن، بەڵکو هۆکاری سیاسی و هەندێک جار ناوچەگەری و تەنانەت حیزبایەتی دەبن بە هاندەر و بریاردەر لەو پرۆسە گرنگەدا. ئەمەش وای کردووە هەزاران گەنج دوای تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی بروانامەی ئەکادیمی، سوودیان نە بۆ خۆیان و نە بۆ کۆمەڵەکەشیان هەبێت. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ئەم دیاردەیە بووە بە هۆی نزمبوونی ئاستی زانستی خوێندن و خوێندنی باڵا لە کوردستاندا، چونکە پێداویستییەکانی ئەو ئاستەی خوێندن و زانست دابین نەکراون.

**... ستراتیژی باڵای نەتەوە بریتییە لە ئامانجە دوورەکانی ئەو نەتەوەیە و نەخشەی کار بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و دابینکردنی پێداویستییەکانی گەیشتن پێیان، لەپێناوی دوارۆژێکی بەختیار بۆ نەوەکانی داهاتوو...**

لە رووی کۆمەڵایەتییەوە هیچ نەخشەیەکی ستراتیژی بەر چاو ناکەوێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە چەند دیاردەیەکی گرنگ لەنێو کۆمەڵی کوردستانی عیراقدا هەن، کە دەهێنێت ستراتیژێکی گونجاوی بۆ دابنرێت.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رێژەی ژن و پیاو لە کوردستانی عیراقدا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆراوە. لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالدا دەیان هەزار کور و پیاو لە ژن زیاتر گیران و بێ سەروشوێن کران. ئەم دیاردەیە لە نێو کۆمەڵێکی بچووکی وەک کوردستانی عیراقدا رەنگدانەوەی زۆری لەسەر باری کۆمەڵایەتی و رێژەی ژنهێنان و منداڵبوون دەبێت. لەمەش کاریگەرتر کۆچڕەوی دەیان هەزار (بگرە سەدان هەزار) لاوی کورە بۆ هەندەران لە دوای راپەرینی ساڵی(١٩٩١)ەوە. زۆربەی تەمەنی ئەو لاوانە لەنێوان شانزە ساڵ و بیستوپێنج ساڵیدان. ئەمەش دیسان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رێژەی نێوان کچ و کور هەیە و چەندین ئاسەواری کۆمەڵایەتی زەرەربەخشی لێدەکەوێتەوە. ئەمە جگە لە کاریگەریی ئابووری لەسەر دوارۆژی کوردستان، چونکە زۆربەی هەرەزۆری ئەمانە لە تەمەنێکی زۆر گونجاوی کارکردندان و هەموویان دەبێت قوتابی ئەمرۆ و مامۆستا و کارمەند و خاوەنپیشەی دوارۆژ بن.

سەرەرای هەموو ئەمانە، بیرکردنەوەی ژن و پیاوی کورد لەمەڕ ژمارەی منداڵ لە خێزاندا، لە ئەنجامی ئەو گۆرانە ئابوورییە ناسروشتییەوە کە لە کوردستان روویداوە، گۆرانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە. زۆربەی هەرەزۆری گوندنشینەکانیش ئێستا لەناو شاردا دەژین و تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ئەوانیش پەیرەوی کەمکردنەوەی ژمارەی منداڵ لە خێزاندا دەکەن.

ئەمانە چەند بوارێکی ژیان و ئابووریی کورستان بوون کە دەستگا سەرکردایەتییەکانی کوردستان هیچ ستراتیژێکی دیاریکراویان بۆ دانەناوە. دیارە بوارەکانی تری وەک ئاسایشی نەتەوەیی و ستراتیژی باڵای دەوڵەت و چەندین بواری تر هەن کە باسی زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرن، بەڵام کورد گوتەنی مشتێک نموونەی خەروارێکە.

## دەرئەنجام

لەکۆتاییدا دەبێت بوترێت ئەگەر هەر نەتەوە و دەوڵەتێک لەم سەردەمەدا ستراتیژێکی روونی بۆ بوارەکانی نەتەوەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، سەربازی و ئاسایشی نەتەوەیی نەبێت و هەوڵی جێبەجێکردنیان نەدات ئەوا لە کاروانی گەلان دادەبڕێت و دوارۆژێکی نادیار چاوەڕێیان دەکات.(١)

(١) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


1. Lorenzo, A.L.(1993), Managing Uncertainty: Thinking and Planning Strategically

2. Mohammadi, J. (1997), Strategic Planning Process Resource Manual

3. J. Keegan, (1987) The Masks of Command

4. Wikipedia, (2001-2006), The Free Encyclopedia

5. E.J. Kingston-McCloughry, (1950), War in Three Dimensions

# بۆ ئەوەی کوردستان ببێت بە نموونەیەک بۆ عیراقی نوێ
# پێویستمان بە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی زیاتر هەیە لە هەرێمەکەدا

نووسینی: **عەدنان حسێن**
وەرگێڕانی: مەڵبەند

**تایبەت بە مەڵبەند**

لەوانەیە لەندەنییەک «دانیشتووی پایتەختی بریتانیا» چاوپۆشی لە ڕاوەستان و کارنەکردنی تۆڕی قەتاری ژێرزەمین «ئەندەرگراوند» و تۆڕی پاسە سوورەکان بکات و هەروەها لە هۆکانی مانگرتنی لێخوڕەکانیان و سەرجەمی کرێکارانی هەردوو تۆڕەکە، کە ڕۆژانە زیاتر لە پێنج ملیۆن هاتوچۆکەر بە کاریان دەهێنن، تێ بگات؛ بەڵام لەندەنییەک و، ڕەنگە گشت بریتانیاییەکیش، زۆر بە لایەوە زەحمەت بێت کە ڕۆژنامە ڕۆژانە دڵگیشەکەی خۆی نەکرێت و نەیخوێنێتەوە، ئەمجا ئەو ڕۆژنامەیە لە قەوارەی گەورەی نەریتیدا بێت وەکو «دەیلی تەلەگراف»، یان لە قەوارەی تابلۆیددا بێت وەکو «سەن» یان «دەیلی مەیل» و «دەیلی ئێکسپرێس»، یاخود لە قەوارەی ناوەندیی نوێدا بێت، کە ئێستا سێیان لە هەرە گرنگترین ڕۆژنامەکانی بریتانیا بەو قەوارەیە دەردەچن و بڵاو دەبنەوە و بریتین لە «زە تایمز» و «زە گاردیان» و «زە ئینتپێندنت»، ئەمە بە شێوەیەکە کە ڕۆژنامەگەری و بە شێوەیەکی گشتیش ڕاگەیاندنی کردووە بە بەشێکی زیندووی ژیانی ڕۆژانەی هەر کەسێک لە بریتانیا و سەرجەم وڵاتە پێشکەوتووەکاندا و زۆر بە دەگمەن ڕوو دەدات کە سواری قەتارێک یان پاسێکی نێو شارەکانی ئەم وڵاتانە ببیت و نەبینیت کە هاتوچۆکەران سەرقاڵ و خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانن؛ تەنانەت ئەم دیمەنە لە وێستگەی پاس و قەتارەکانیشدا بووە بە شتێکی بەرچاو و ئاسایی.

ئەم پەسەندکردنە چڕوپڕەی ڕۆژنامەگەری لە کۆمەڵە شارستانییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژنامەگەری بووە بە سەرچاوەی سەرەکیی وەرگرتنی زانیاری و دەربڕی



عەدنان حسێن

ڕاستگۆی ڕاوبۆچوون و هەڵوێستە جیاوازەکان و بە شێوەیەکی گشتیش خوێنەر لەوە ناسڵەمێتەوە کە ببێت بە قوربانیی زانیارییە درۆینەکان و بیروڕا چەواشەکان، چونکە کۆمەڵی شارستانی کەرەسە کاراکانی خۆی و شێوازە سەرکەوتووەکانی خۆی بۆ ئاڵوویێری ئازادانەی زانیاری و هەروەها دژایەتیکردنی درۆی هەڵبەستراوی نێو ئەم زانیارییانە و ڕێگرتن لە چەواشەکردنی بەئەنقەستی ڕاوبۆچوونەکانی بەرهەم هێناوە و ئاشکراشە کە ئەمەی لە ڕێگای سیستەمێکی یاسایی ـ نەک کارگێڕی و ئاساییشییەوە، فەراهەم کردووە و بە شێوەیەکیش هەڵسوکەوت لەگەڵ

تاوانەکانی بڵاوکردنەوەدا دەکات وەک ئەوەی کۆمەڵەتاوانێک بن کە مافی کەسەکی هەموو لایەنەکان و هەروەها مافی گشتیشیان تێدا پارێزراوە. هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە کە کێشەکانی بڵاوکردنەوە کەمترینی ئەو گرفت و کێشانەن کە دەخرێنە بەردەمی دادگاکان. بێگومان مەرجی پێویستیش بۆ بەدەستهێنانی سیستەمێکی لەم جۆرە، وەبارهێنانی ئازادییەکی تەواوە بۆ ڕۆژنامەگەری کە تەنیا لە سایەی ڕێژیمێکی سیاسیی دیموکراتدا گەشە دەکات کە تێیدا ماف و ئازادییە گشتی و تایبەتییەکان ڕەخسێنراون و سیستەمێکی یاسایی بێلایەنیش پارێزگاری لەم ماف و ئازادییانە و کارکردن پێیان دەکات.

لە ڕووی تیۆرییەوە، سێ ساڵ دەبێت، عیراق لە ڕژێمێکی دیکتاتۆریی ڕەهاوە ڕێی بەرەو ڕژێمێکی دیموکراتی گرتۆتە بەر کە شێوەیەک لە شێوەکانی ئەو دیموکراتییەتە لە سای یاسای کارگێڕیی دەوڵەت بۆ ماوەی گواستنەوە پێڕەو دەکرێت، کە دەستووری هەمیشەیی لە ڕاپرسییەکەی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا دەستەبەری کردووە. هەروەها هەر لە ڕووی تیۆرییەوە گواستنەوە بۆ ئەم جۆرە ڕێژیمە لە هەرێمی کوردستاندا بە زیاتر لە دە ساڵ لە پێش ناوچەکانی تری وڵاتدا بووە، بەڵام بەکردەوە تا ئێستا دیموکراتییەتی عیراقی چ لە سەرانسەری وڵاتدا و چ لە هەرێمی کوردستانیشدا، بە هۆی هەلومەرج و هۆگەلێکەوە کە لێیان بێئاگا نین، کەموکورتە و هەربۆیە بارودۆخەکە بەگشتی پێویستی بە چەندان ساڵ

*... ڕۆژنامەگەریی کوردستان، تەنانەت بەر لە کەوتنی ڕژێمی سەددام حسێن، نموونەیەکی هەمەجۆر و بەرفراوانی پێشکەش بە عیراقییەکان کردووە...*

هەیە تا باری ئاسایش و سیاسیش لە وڵاتدا ئارام دەبێتەوە بەر لە ڕوودانی گواستنەوەی یەکجارەکی بەرەو ئەو دیموکراتییەتە ڕاستەقینەیەی بە باڵایدا هەڵدەڵێین. هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی زیندوو و کاریگەر لەم بوارەدا

کردبوو، لە کاتێکدا کە زۆر لە بابەتە پێشنیارکراوەکانی ئەو پرۆژەیە هەوڵ بۆ بەرجەستەکردنی ئازادیی کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن دەدات و خوازیاری دەستەبەرکردنی ڕێز و جێوڕێی شایانە بۆ کارگەرانی ئەم بوارە

ڕۆژنامەگەری و هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت دوای ئەو سەرکەوتنەی کە خۆی لە پێکهێنانی حکوومەتی یەکگرتوو و هەروەها لە پەیمانی ئەو حکوومەتەدا دەبینێتەوە کە سەرۆکەکەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە






ببینێت، بە جۆرێک کە لە توانایدایە ببێت بە پێشەنگ و نموونەیەک بۆ ڕێژیمێکی دیموکراتی کە هەموو عیراقییەکان، بەبێ جیاوازیی نەتەوەیی، تێی بڕوانن. یەکەمین و گرنگترین مەرجیش بۆ ئەمە وەبارهێنانی ئازادییەکی تەواوە بۆ ڕۆژنامەگەری بەتایبەت و ڕاگەیاندن بەگشتی لە هەرێمەکەدا. ئازادیی گەیاندن و گواستنەوەی زانیاری و ئازادیی خستنەڕووی بیروڕا و بڵاوکردنەوەی بیروڕاکان بە هەموو جیاوازی و هەمەجۆرییەکیانەوە؛ ئازادییەکی دوور لە هەڕەشەکردنی لایەنە دەسەڵاتدارەکانی حکوومەت بە شمشێری وەرگرتنی ئیجرائاتی ئاساییشی و کارگێڕی. ڕۆژنامەگەریی کوردستان، تەنانەت بەر لە کەوتنی ڕێژیمی سەددام حسێن، نموونەیەکی هەمەجۆر و بەرفراوانی پێشکەش بە عیراقییەکان کردووە، بەڵام تا ئێستا نەگۆڕاوە بۆ پێشەنگێک لە بواری ئاڵوگۆڕی زانیاریدا و نەشبووە بە نموونەی دەربڕی بیروڕا و بۆچوونەکان و تا ئێستاش سیستەمێک لە هەرێمەکەدا کە ڕۆژنامەنووس بەتەواوی ناپارێزێت، کاری پێ دەکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە بەم دواییانە لەلایەن دۆستێک لە دۆستە ڕۆژنامەنووسەکانمەوە لە کوردستان نوسخەیەک لە پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەرییم لە هەرێمدا پێگەیشت کە ئەنجوومەنی نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەی

زیندووە و تەقەلای دوورخستنەوەی تارمایی هەڕەشەلێکردن بە زیندان و هەوڵی پاراستنی سەرچاوەی ژیان و بژێوییان دەدات، کەچی بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە سەرم لە بەشی چوارەمی سووڕ ما بە ناوی (یاساکانی سزادانەوە)!

هەمووومان دەزانین ئەرکی نەقابەی ڕۆژنامەنووسان ئەوە نییە کە بە ماددە سزای ئەو ڕۆژنامەنووسانە بدات کە پیشەکەیان وەکو دروست بە کار ناهێنن و بە مەبەست یان بە هەڵە لە بنەڕەت و پێودانگ و نەریتەکانی لا دەدەن،

**... ئەم بەبەندکردنە چڕوپڕەی ڕۆژنامەگەری لە کۆمەڵە شارستانییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژنامەگەری بووە بە سەرچاوەی سەرەکیی وەرگرتنی زانیاری و دەربڕی ڕاستگۆی ڕاوبۆچوون و هەڵوێستە جیاوازەکان...**

بەڵکو دەبێت سزادان بەتایبەت لەلایەن نەقابەکەیانەوە لەوەدا کورت بکرێتەوە کە سزادانێکی مەعنەوی بێت، چونکە سزادانی ماددی کاری دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەنە و شارەزایانی ئەو بوارە پێی هەڵدەستن، نەک نەقابەی ڕۆژنامەنووسان!

من لێرەدا خوازیاری قسەکردن نیم لەسەر پرۆژەی یاساکە، بەڵام دەمەوێت ئەم هەلە بە کار بهێنم بۆ ئاگادارکردنەوە لە گرنگی و پێویستیی پاراستنی ئازادیی

بەردەمی پەرلەمانی هەرێمدا پێشکەشی کرد بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی گونجاو لەگەڵ پێویستییەکانی داهاتوودا، ئەم بەرنامەیە ناتوانرێت تەنانەت نیوەناچڵیش جێبەجێ بکرێت بەبێ دەستەبەرکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری کە دەتوانێت ڕای گشتیی کوردستانی زامن بکات بۆ چاودێریکردنی کاروباری حکوومەت و هەروەها هاوکار بێت لە ئامادە و تەیارکردنی هێزی میللیدا بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە کاری چالاکدا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی حکوومەت.

گەورەترین حکوومەت لە توانایدا نییە کاروبارەکانی بە جێ بگەیەنێت بەبێ ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئازادکردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن کە وا دەکەن دانیشتووانی شار و گوندەکان پێشوازی لە ڕۆژنامەگەری بکەن وەکو پێشوازیکردنیان لە ژەمەکانی خواردنی ڕۆژانەیان، کتومت وەک ئەوەی کە ئێمە لێرە لە لەندەن و سەرتاسەری بریتانیا و گشت وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەستی پێ دەکەین و دەیبینین.

# بەرپرسیارێتییەکی کوردیی ترسناک

نووسینی: خالد القشطینی

وەرگێڕانی: مەڵبەند

تایبەت بە مەڵبەند

دیاردەیەکی ئاشکرا و بەرچاو لە ئێستای عیراقدا ئەوەیە کە کوردستان تاکەهەرێمێکی هێمن و ئارامە لە وڵاتدا، کە پیاو تێیدا دەتوانێت لە ماڵەکەی خۆی بێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی ژنەکەی دوودڵ و نیگەرانی نەگەڕانەوەی بێت، کە تێیدا دەتوانێت بە شەقامەکانیدا بێت و بچێت و بەنێو بازاڕەکانیدا دەست لەنێو دەستی هاوڕێکەی بگەڕێت و لەنێو چایخانەکانیدا دابنیشێت و لەگەڵ هەر کەسێکدا بیەوێت بدوێت و بەسەربەستی بیروڕاکانی خۆی دەرببڕێت، بەبێ ئەوەی لە ژیانی خۆی دوودڵ بێت و لەوە بترسێت کە دووچاری کوشتن و دەستدرێژی و ڕفاندن و گرتن و سووکایەتی دەکرێت. هەربۆیە دەبینین کە بیرکاران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و پیاوانی سیاسەت لە عیراقدا، هەر کاتێک بیانەوێت چاوپێکەوتنێک بکەن یان کۆڕ و فێستیڤاڵێک بگێڕن، بەرەو کوردستان دەکەونە ڕێ. ئەوێش تاکەجێگایەکە کە تێیدا دەتوانن لە ژیان و سەربەستییان دڵنیا بن. دیارە ئەمەش هەلێکە بۆ کوردستان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بگۆڕێت و ببێت بە پشت و پەنا بۆ بیرکارە سەربەستەکان وەک چۆن لە چاخەکانی ئەم دواییەدا بریتانیا گۆڕا و بوو بە پشت و پەنا بۆ بیرمەندە ئازادەکانی وەکو ڤۆڵتێر و مارکس و لینین و چەندانی دیکەی وەک ئەوان. لەڕاستیدا ئەمە جاری جارانیش لە کوردستاندا هەر هەبووە و ئەوساش زۆربەی چەپڕەوە ڕاونراوەکان لە باشووری وڵاتەوە ڕوویان لە کوردستان دەکرد و لەنێو برا کوردەکانیاندا خۆیان دەشاردەوە و بە هەموو جۆرێکیش دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکرا، پێشوازییان لێ دەکرا و دەپارێزران.



خالد القشطینی

دوور نییە بیر بە لای ئەوەدا بچێت کە ئەم ئارامی و هێمنییە بەربڵاوە لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ توانای دەسەڵاتی ناوچەیی و دەستگاکانی ئاساییشی سەر بەو دەسەڵاتە و بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگە. من بۆ خۆم ئەم ڕایە هێندە سەرنجم بە لای خۆیدا ڕاناکێشێت و لەو باوەڕدام کە ئارامی و هێمنیی بەربڵاو لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی قووڵتر لەمانە و

لە هەمووشیان گرنگتر کەسایەتی و باری دەروونیی ئینسانی کوردە: کورد کەسێکی ناسراوە بە ئازایەتی و هێز و شێلگیری و گیانی بەرەنگاربوونەوە، بەڵام ـ وەک لەنزیکەوە هەستم پێکردووە و لێی بێئاگا نیم ـ کەسێکی شەڕانگێز و بێسەروبەر نییە. ئەو وەکو خەڵک دەڵێن: «پیاوێکی لەخواترسە!». ئایینی مرۆڤی کورد لەسەر بناغەی بڕوایەکی قووڵ و ڕاستگۆ هەڵچنراوە و زۆرجار ئێمەی عەرەب بە جۆرێک لە ساویلکەیی و گەلۆریی دەزانین و بە چاوی سووک سەیری دەکەین، بەڵام کەمجار ڕوو دەدات ببینین کوردێک، بەبێ هۆ، بێڕێزی بە ژیان و گیانی خەڵکانی ترەوە بکات. کوردەکان چەندان شەڕی یەک لە دوای یەک و بەردەوامیان لەگەڵ حکوومەتی نێوەندیدا کردووە و منیش لە یەکێک لە وتارەکانمدا لە گۆڤاری (فنجر)ی بریتانیاییدا ئەو شەڕانەم بە شەڕی ”پیاوە ڕەفتارجوانەکان“ ناو بردووە. بەتایبەت پێش سەردەمی (سەدام حسێن)، نە سوپا و نە هێزی پێشمەرگە، بە مەبەست، نەبوونەتە هۆی ئێش و ئازاری خەڵکی ناو شارەکان. هەمیشەش لە توانای کوردەکاندا بووە کە بەئاسانی خەبات و تێکۆشانی خۆیان، وەک زۆر لە بزووتنەوە نیشتمانییەکانی

**... کوردەکان هەمیشە شەڕەکانیان بردووەتە نێو ناوچە شاخاوییەکان و هەر لەوێشدا ڕووبەڕوو لە بەرانبەر دوژمنەکانیاندا جەنگاون و تەنانەت لەم جوارچێوەیەشدا پێوەندییان لەگەڵ دوژمنەکانیاندا پێوەندییەکی دۆستانە بووە و شەڕیان شەڕی ”پیاوە ڕەفتارجوانەکان“ بووە...**

وەک بزووتنەوەی ئیرەلەندییەکان و باسکییەکان و فەلەستینییەکان و سەهیۆنییەکان و...تاد کردیان، بگۆڕن بۆ چەند ڕەفتارێکی تیرۆریستانە. کوردەکان لە هەموو شارەکانی عیراقدا و لە ناوچە دوورەدەستەکاندا هەن و بە هیچ جۆرێک ناکرێت لە هاوولاتە عیراقییەکانی تر جیا بکرێنەوە. هەربۆیە هەمیشە زۆر ئاسان بووە بۆیان کە هەڵسن بە تەقاندنەوە و کوشتوبڕ و ڕەفتاری هەقئەستێنانەی بێسەروبەر، بەڵام هەرگیز ئەمەیان نەکردووە و هۆیەکەشی ئەو وابەستەییە ڕەوشتییە بووە کە ڕێی نەداون ببن بە مایەی ئازاردانی خەڵکانی بێگوناهی ناو شار و گوندەکان. ئەوان هەمیشە شەڕەکانیان بردووەتە نێو ناوچە شاخاوییەکان و هەر لەوێشدا ڕووبەڕوو لە بەرانبەر دوژمنەکانیاندا جەنگاون و تەنانەت لەم چوارچێوەیەشدا پێوەندییان لەگەڵ دوژمنەکانیاندا پێوەندییەکی دۆستانە بووە و شەڕیان شەڕی ”پیاوە ڕەفتارجوانەکان“ بووە.

**... لەڕابوردووشدا زۆربەی جەبرەوە ڕاونراوەکان لە باشووری وڵاتەوە ڕوویان لە کوردستان دەکرد و لەنێو برا کوردەکانیاندا خۆیان دەشاردەوە و بە هەموو جۆرێکیش دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکرا، پێشوازییان لێ دەکرا و دەپارێزران...**

جەنگاوەری کوردسوارچاکانی چاخەکانی نێوەڕاست بە بیرماندا دەهێنێتەوە و وابەستەیە بە چەند پێگەیەکی ڕەوشتی بەرزەوە: شەڕنەکردن لەگەڵ بێچەک، ناهەقینەکردن، شەڕنەکردن بەبێ ئاگادارکردنەوە، دەستدرێژینەکردنە سەر ژنان و ڕێزگرتنیان و یارمەتیدانی منداڵان و بێدەسەڵاتان. بڵاوبوونەوەی بیری چەپڕەوانەش لەنێو کوردەکاندا لەسەر ئەم پێشینە ڕەفتارییانە زیاد دەکەم. وەک دەشزانین مارکسیستەکان و سۆشیالیستەکان بە شێوەیەکی گشتی بەرپەرچی بەکارهێنانی شێوازەکانی تیرۆر دەدەنەوە و جەخت لەسەر شێوازی لەگەڵ یەکتردا دوان و شێوازە عیلمانییەکان و زانستییەکان و عەقڵانییەکان دەکەن و ئەمانەش هەموویان بە چاوی سووک سەیرکردنی خەڵک و دەستدرێژیکردنە سەر ماڵ و سامان و ژیانی خەڵک ڕەد دەکەنەوە. پێم وایە کە ئەم بنچینە ڕەوشتییانەیە کە کوردەکان بە درێژایی تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەیان پێوەیان پێوەستن و ڕێگرن لە بەردەمیاندا کە بکەونە ناو زۆنگاوی تیرۆر و فڕاندن و دەستدرێژیکردن و سووکایەتییەوە و ئەو هێمن و ئارامییەیان پێ دەبەخشن کە لە ئەمڕۆدا لە سایەیدا دەژین.

بەڵام ئەم هەڵوێستەش بە دوور نییە لە بەرپرسیاریەتییەکی ترسناک، چونکە ئەو بارودۆخە سەختەی ئەمڕۆ عیراق پێیدا دەڕوات و هەروەها ئەوەش کە قسە هەر قسەی کۆنپەرست و پاشکەوتووەکانە، ئەو پێویستییەی خستۆتە سەر شانی کەسە ژیر و لێهاتووە عیلمانی و عەقلانی و نوێخواز و ئازادەکان کە ئاڵای زانست و ژیری و هاوچەرخێتی و ئازادیی وڵات بەرز بکەنەوە و بۆ شکاندنی ئەم بەستەڵەکەش بە هیوای بیستنی دەنگدانەوەی ئەم ئەرکەم لە زمانی سەرکردەکانی کوردەوە وەکو تاڵەبانی و مەحمود عوسمان و فوئاد مەعسوم و کەسانی دیکەی لە نموونەی ئەوان و ئەوانن کە بەردەوام بەرەنگاریی دەنگە کۆنەپەرست و بەستەڵەک و غەیبییەکانیان کردووە. ئێستا داهاتووی هەڵسان و هۆشیاری و تازەکردنەوە وا لە دەستی کوردەکاندا و بە هاوکاریی ئەوان لەگەڵ کەسە ئازادەکانی نێو بیرمەندە دیموکراتەکاندا لە وڵاتدا دەتوانن دەستەیەک پێک بهێنن بۆ ئەوەی پاسەوانی لە دابونەریتی ئازادی و ژیریاری و یەکسانی لە وڵاتدا بکەن و بە هەڵسوکەوتی شارستانییانەی پێشکەوتنخوازانەیان کە خۆی لە یەکسانیی ژنان و ئازادی و جلوبەرگپۆشینی هاوچەرخانەیان و لە پۆشتەوپەرداختیی هاوچەرخانەی پیاوان و لە ئازادکردنی پیشەگەر و کاسبکاران کە بە شێوەیەکی ئازاد و بێ هیچ پاڵەپەستۆ و زۆرلێکردنێک کار و پیشەی خۆیان بکەن، دەبینێتەوە و وا دەکات کە کوردستان ببێت بە نموونەیەک بۆ ڕۆڵەکانی باشووری وڵات و گشت عەرەبەکان. لەوەیە کوردەکان بگەن بەو جێیەش کە لە بەرژەوەندییانە کە وەک براکانیان لە تورکیا دەست بکەن بە بەکارهێنانی پیتە لاتینییەکان لە جێگای پیتە عەرەبییەکان کە لەوە زیاتر لە توانایدا نییە مامەڵە لەگەڵ تەکنۆلۆژیای نوێ و زمانە هاوچەرخەکاندا بکات.

**... کوردستان دەتوانێت، بەم جۆرە هەوڵدان و هۆشیارییە، ببێت بە دەنگۆیەک بۆ ئازادی و دیموکراتی و بیری ئازاد نەک بە تەنیا لە عیراقدا بەڵکو لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا...**

کوردستان دەتوانێت، بەم جۆرە هەوڵدان و هۆشیارییە، وەکو پێشووتریش وتم، ببێت بە دەنگۆیەک بۆ ئازادی و دیموکراتی و بیری ئازاد نەک بە تەنیا لە عیراقدا بەڵکو لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆچی نا، لە کاتێکدا کە هەموو ناوەندە شارستانییە بیرياریيە باو و ئاساییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کراون بە وێرانە؟ کوردستان دەتوانێت جێگای لوبنان بگرێتەوە و ببێت بە پەناگایەک بۆ بیرمەندە زۆرلێکراوەکان و ڕاونراوەکان، تا بتوانن تێیدا ئەو بابەتانە بڵاو بکەنەوە کە حکوومەتەکانی خۆیان ڕێیان پێ نادەن بڵاویان بکەنەوە و هەروەها تێیدا بتوانن بە چالاکی و کارە زانستییەکانی خۆیان هەڵبسن و لەنێو یانە و چایخانەکانیدا بە هاوڕێ و دۆستەکانیان بگەن و بیروڕایان لەگەڵدا بگۆڕنەوە. دیارە کوردستانیش وەکو لوبنان ئاووهەوایەکی مامناوەندی هەیە و هەوارگە سروشتییەکان و ئەو جێگایانەش کە سروشبەخش و بەپیت و بەرهەمهێنن بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەتەوە.

# چەند دیمەنێک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانەوە

## باوکم ئاوها باسی کوردستانی عیراقی بۆ دەکردم

نووسینی: ئەیاد ئەبو شەقرا

وەرگێرانی: مەڵبەند

تایبەت بە مەڵبەند

ساڵی ١٩٧٤ باوکم «دوکتۆر محەمەد عەباس ئەبو شەقرا» مرد و بە مردنی ئەو، لەپاڵ خۆشەویستییەکی باوکانەی گەورەدا، ئەزموونی ژیان و مێژوویەکی دەوڵەمەندم لە دەست چوو؛ کە تا ئەمڕۆش لەوە پەشیمانم بۆ نەمتوانیوە ئەوەی لێ بە دەست بهێنم کە بەتەواوەتی تینوویەتیم دەشکێنێت. بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەمڕۆ لەکاتێکدا کە تەمەنم لە شەست ساڵان نزیک بووەتەوە زۆر زیاتر لەوسا، زۆر زیاتر لە ٣٢ ساڵ لەمەوبەر، بیری دەکەم؛ بەتایبەت دوای ئەوەی کە زانیاریی زۆرترم لەسەر ئەو کاروبار و ڕووداو و کەسایەتییانە بە دەست هێناوە کە ئەو لەگەڵیاندا و لەنێویاندا ژیاوە.

باوکم کۆلێژی پزیشکی لە زانستگای ئەمریکایی لە بەیروت خوێند و ساڵی ١٩٣١ تەواوی کرد. پاشان بۆ کارکردن چوو بۆ عیراق و تا ساڵی ١٩٤١ و سەروەختی لێدانی شۆڕشەکەی ڕەشید عالی ئەلگەیلانی کە لایەنگرییەکی بۆی هەبوو، لەوێ مایەوە و ئەمجا گەڕایەوە.

### ساڵانی عیراق

ئەو دە ساڵەی باوکم لە عیراق، وەک ئەوەی بۆ خۆی چەندان جار پێی وتووم، لە خۆشترین ساڵەکانی ژیانی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە درێژایی ئەو ماوەیە زگورت بووە، بەڵام ژیانی خۆش بووە و توانیویەتی لە زۆربەی ئەو شوێنانەدا کە وەکو پزیشکی قەزا کاری کردووە، هەر لە سنجارەوە تا دهۆک و مەندەلی و تا کۆتایی کارکردنیشی لە بەغدا، پێوەندی دۆستانە لەگەڵ زۆر کەسدا ببەستێت. تا ئێستاش لە ماڵەوە ئەرشیفی بەشێک لەو وێنە جوانانەی باوکمان پاراستووە، بەتایبەت ئەوانەی ناوچەکانی باکووری عیراق (یان کوردستانی عیراق) کە باوکم زۆر خۆشی دەویستن و خەڵکەکەشی زۆر خۆش دەویست و ساڵانێکی زۆر بەناو شار و گوندەکانیدا گەڕابوو.

ئەو زۆری پێ خۆش بوو کە لە تەنیشتییەوە دابنیشم و لەبارەی ئەو سەردەمەی ژیانییەوە پرسیاری لێ بکەم. ئەگەرچی من تەنانەت بۆ تاکەجارێکیش بە سەردانی عیراق بەختەوەر نەبووم، بەڵام لە دوورەوە ئەم وڵاتەم خۆش ویستووە و حەزیشم کردووە ئەوەندەی لە توانامدا هەیە لەبارەیەوە بزانم و فێر ببم. هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێت بڵێم، کە وەک چۆن باوکم بە خۆشەویستیی کوڕی یەکێک لە دۆستە عیراقییە بەڕێزەکانییەوە و لەبەرئەوەی بەڕێزەوە لە تێکۆشانی سیاسیی ئەو دۆستەی دەڕوانی، ناوی منی نا «ئەیاد»، منیش لای خۆمەوە ناوی کوڕەکەم، کە پێوەندییەکی دۆستانەی بە عیراقەوە هەیە، نا «فورات»!

ساڵانی نێوان ١٩٣١ و ١٩٤١ ساڵانێکی دەوڵەمەندن بە ڕووداو لە هەردوو مەیدانەکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتیدا لە عیراق و لە باری ئابووریشەوە عیراق، لە دەستپێکی چاخی دۆزینەوەی نەوتدا، بووە وڵاتێک کە سەرنجی توانا و شارەزاییە زانیاری و پیشەییەکانی لە سەرانسەری وڵاتە عەرەبییەکاندا بە لای خۆیدا ڕادەکێشا. دەوڵەمەندیی وڵات لە سەردەمی دەسەڵاتی مەلیک فەیسەڵی یەکەمدا، بووە هۆکاری دەستپێکردنی بیناکردن و دامەزراندی دامەزراوە حکوومییەکان. لەسەر ئاستی سیاسیش ئەم ساڵانە زۆر گۆڕانکاریی گرنگی لە مێژووی نوێی عیراقدا بە جێ هێشت، لەوانە مردنی مەلیک فەیسەڵی یەکەم و وەرگرتنی دەسەڵاتی پاشایەتی لەلایەن مەلیک «غازی»ی کوڕییەوە و پاشان لەناوچوونی مەلیک «غازی»یش بە ڕووداوی هاتوچۆ لە ساڵی ١٩٣٩دا. هەروەها بەرپابوونی شۆڕشی ئاشوورییەکان لە ساڵی ١٩٣٣دا ـ کە گوایە بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی بریتانیا بوو و پاشانیش ڕوودانی یەکەم کودەتای سەربازی لە سەرانسەری وڵاتە عەرەبییەکاندا کە «پاڵەوان»ەکەی سوپاسالار بەکر سدقی بوو لە ساڵی ١٩٣٦دا. هەروەها چڕبوونەوەی ململانێی سیاسی لەناو کوڕانی دەستە کۆمەڵایەتییە دەسەڵاتدارەکان و لەناو ڕیزەکانی سوپادا، بووە هۆی بەشبوونی ئەم دەستە هەڵبژاردەیە و بەشێکیان بوو بە لایەنگری بریتانیا و بەشێکی تریشیان بووە دوژمنی بریتانیا و لەلایەن دەوڵەتە سوێندخۆرەکانەوە، بەتایبەت لەلایەن ئەڵمانیاوە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهاندا، کۆمەکی پێ دەکرا و دەرئەنجامەکەش تەقینەوەی ئەو ململانێیە، بوو بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕەشید عالی ئەلگەیلانی و ئەمیش لەلایەن بریتانیاوە و لە ساڵی ١٩٤١دا داپڵۆسرا و دامرکێنرایەوە.

باوکم لەو ساڵانەدا ژیا و تێکەڵ بە ڕووداوەکان بوو.

## سنجار

سەرەتا لە سنجارەوە، ئەو ناوچە شاخاوییەی کەوتووەتە نێو پێدەشتەکانی جەزیرەوە و دراوسێی موسڵ «ام الربعين ـ دایک دووبەهاران»ە، دەستی پێکرد.
باوکم سنجار و خەڵکەکەی و سروشتەکەی خۆش دەویست. پێوەندی لەگەڵ گەورەپیاوانی ئێزیدیی سنجاردا خۆش بوو، هەروەها هاوکاتیش بوو کە پێوەندی لەگەڵ شێخ و پیاوانی خێڵەکانی شەمەر کە لەو ناوچەیەدا دەژیان پتەوتر بوو.
یادەوەریی زۆر خۆشی هەبوو لەم وێستگەی یەکەمەیدا لە عیراق، لەوانە یادەوەریی چوونە ڕاووشکار و بەتایبەت ڕاوی ئاسکان. هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە ئۆتۆمۆبیل کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٨دا هاتە عیراقەوە و «حەمدی پاشای بابان هێنای» ڕۆڵی خۆی لەم گەشتوگوزاری ڕاوکردنەدا دەبینی و بووە هۆی ئەوەی کە ڕاونانی ئاسکان لەلایەن ڕاوکەرەکانەوە ئاسانتر بێت و هەروەها پێشکەوتنی تفەنگیش بووە هۆی خێراترکردنی تێکچوونی «پارسەنگی تواناکان» لەنێوان نێچیر و ڕاوکەراندا.
لە یەکێک لە چیرۆکە نائاساییەکانی باوکمدا سەبارەت بە چوونە ڕاو لە نزیک سنجارەوە دەیگێڕایەوە کە لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بە ئۆتۆمۆبیل چوونەتە ڕاو و کاتێک سەیریان کردووە لە دوورەوە تەپۆتۆزێکی زۆر بەنێو ئاسمانی دەشتەکەی بەردەمیاندا بەرز بووەتەوە، ئەمجا بە سائقەکەیان وتووە بەرەو لای تەپوتۆزەکە لێ بخوڕێت و هەر کە نزیکیش کەوتووەنەتەوە گەلەئاسکێکیان بینیوە و گورگێکی گەورەش بە دوایانەوە. ئەمانیش کەوتوونەتە دوایان، بەڵام گورگەکە بەبێ ئەوەی هیچ گرنگییەک بە دەنگەدەنگی ئۆتۆمۆبیلەکەدا بدات دەستی لە ڕاونانی ئاسکەکان هەڵنەگرتووە، تا ئەو کاتەی ئۆتۆمۆبیلەکە بە تەواوی لێی نزیک بووەتەوە. ئیتر گورگە لەپڕێکدا لێیان هەڵگەڕاوەتەوە و بەرەو ئۆتۆمۆبیلەکە شاڵاوی بردووە. سائقەکەش کە ئەمەی بینیوە بەتەواوی پەشۆکاوە و لە باوکمی پرسیوە چی بکات، باوکیشم پێی وتووە کە هەرچۆنێک بووە دەبێت گورگەکە، بەرلەوەی پەلاماری ئۆتۆمۆبیلە سەردانەپۆشراوەکەمان بدات، بکوژرێت و فیشەکێکی پێوە ناوە، بەڵام گورگەکە سەرباری ئەوەش کە زۆر خراپ بریندار بووە لەسەر پەلامار و شاڵاوی خۆی بەردەوام بووە و ئیتر ناچار ئەوانی تری ناو ئۆتۆمۆبیلەکە دەستیان کردۆتەوە و فریا کەوتوون و چەند فیشەکی تریان لێ داوە تا بە کوژراوی کەوتووەتە سەر پێشی ئۆتۆمۆبیلەکە.
ئیتر ئەوانەی لەگەڵ باوکمدا بوون لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزیون و گورگەکەیان بە لایەکی ئۆتۆمۆبیلەکەوە هەڵواسیوە. دوای ڕاووشکاری ئەو ڕۆژە و گەڕانەوەیان، بە بینینی گورگە کوژراوەکە، لەلایەن کوڕان و پیاوانی خێڵەکانی ناوچەکەوە سوپاس و ستایش کراون. ئەمجا یەکێک لەوان بۆی گێڕاونەتەوە کە ئێستا گورگێکیان لە کۆڵ بووەتەوە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە پەلاماردان و ئازاردان گاڵەی بە خەڵکی ناوچەکە کردووە.
هەروەها لە یادەوەرییەکانی سنجاردا دەیگێڕایەوە کە ڕۆژێکی بەهار میوانی یەکێک لە شێخە ئێزیدییەکان بووە و پاش نانخواردنی نیوەڕۆ خانەخوێ ئێزیدییەکە بە باوکمی وتووە بۆ پشوودان بڕوات و لە نزیک سەرچاوەیەکی پڕ لە دارودەوەنی نزیک ماڵەکەوە سەرخەوێک بشکێنێت. باوکیشم ئەمەی پێ



دوکتۆر ئەبو شەقرا، ساڵی ١٩٦٩، پێنج ساڵ پێش مردنی

خۆش بووە و هەر کە لەو جێگا خۆشە نزیک بووەتەوە، حەوزێکی پاک و بێگەردی بینیوە کە ئاوی سەرچاوەکەی هاتووەتە سەر و پڕ بووە لە ماسی. باوکیشم لەو کەسانە بوو کە زۆر حەزی لە گۆشتی ماسی بووە و شارەزاییەکی تەواوی لە جۆرەکانیدا هەبوو، ئیتر ڕووی لە شێخ کردووە و پێی وتووە: "ئەم هەموو ماسییە زۆرە ناخۆن...؟ بەڵام قسەکەی لەنیوەیدا بڕیوە و لە دواچرکەدا بیری کەوتووەتەوە کە ئەو لە میواندارێتیی یەکێک لە شێخە ئێزیدییەکاندایە و ئێزیدییەکانیش ڕێز لە سروشت دەگرن و هیچ شتێکیش، لە ترسی پیسبوون، فڕێ نادەنە ئاوەوە.
بەڵام شێخ بەدەم پێکەنینەوە تەفەنگێکی بۆ ڕاگرتووە و پێی وتووە: "دوکتۆر فەرموو چەندت ماسی دەوێت ڕاوی بکە و ئەوەی کە ئێمە لە ڕووی ڕێزگرتن لە دینەکەمانەوە نابێت بیکەین، تۆ ناگرێتەوە و تایبەتە بە خۆمان!" سەرباری داوای لێبووردن لەلایەن باوکمەوە، بەڵام خانەخوێیەکەی پێی لێ دەکاتە کەوش و پێی دەڵێت کە دەبێت چەندی دەوێت ماسی ڕاو بکات و لەگەڵ خۆیدا بۆ چێشتی شێوان بیباتەوە.

## دهۆک... زاخۆ... ئامێدی

باوکم، پاش سنجار، گوێزرایەوە بۆ دهۆک و لەوێش سنووری بەرپرسیارێتیی ئەو وەکو دوکتۆری قەزای دهۆک ناوچەیەکی شاخاوی هەراو و بەرفراوانی دەگرتەوە و سەردانی هەموو گوند و شارۆچکەکانیشی دەکرد لەوانە زاخۆ و ئامێدی و سەرسەنگ کە هاوینەهەواری مەلیکی ئەوسا بوو. هەروەها



دوکتۆر محەمەد عەباس ئەبوشەقرا (لەوپەڕی باکوور بە ڕۆبی سپییەوە) لەگەڵ هاوکارانی لە شاخەکانی ناوچەکانی دهۆک، ساڵی ١٩٣٦

لەو سەردەمەدا سەردانی زۆر لە ناوچەکانی باکووری عیراق/ کوردستانی کرد وەکو شاری هەولێر، شاری سلێمانی و هەروەها شارۆچکە و گوندەکانی وەکو چوارتا و هەڵەبجە و ڕەواندوز و ڕانیە و گەڵاڵە و شەقلاوەی بە سەر کردەوە، کە زۆر زۆر حەزی لێیان بوو، ئەمە بێجگە لە زێبار و ناوچەی شێخان.

هەر لەبەر کارەکەی و گرنگیدانی تایبەتی خۆشی لەگەڵ زۆر لە خێڵە کوردەکانی ناوچەکە و پیاوە گەورەکانیان ئاشنایەتی پەیدا کردبوو. من بۆ خۆم یەکەم جار ناوی مەلا ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی، کە هاوتەمەنی باوکمە و وەکو ئەویش لەدایکبووی ساڵی ((١٩٠٣))ە، لەو بیست. هەروەها ناوی گرنگترین خێڵ و خێزانە گەورە کوردەکانیشم هەر لەو بیست.

هەر لە سەردەمی مانەوەشیدا لە دهۆک کۆدەتای ١٩٣٦ ڕووی دا و ئەو کاتەش کە بەکر سدیقیان، ماوەیەک دوای کودەتاکە و هەر لە هەمان ساڵدا، لە فڕۆکەخانەی موسڵ کوشت؛ باوکیشم لە فڕۆکەخانەکەدا بوو.

هەر لەنێو یادەوەرییەکانیدا لە دهۆک دەیگێڕایەوە کە ڕۆژێکیان گوندییەکانی ناوچەیەکی دەوروبەری ئامێدی برینداریێکیان هێناوە بۆ نەخۆشخانەی ناوچەکە کە لەبەر برینداربییە سەختەکەی ترسی مردنی هەبووە و پاش فریاکەوتنی سەرەتایی پێویست، باوکم لە کەسوکاری بریندارەکەی پرسیوە کە بە چی بریندار بووە و ئەوانیش پێیان وتووە کە ئەو پیاوە لەگەڵ خزمێکی خۆی لە گێڵکەکەیاندا کاریان کردووە و کە ئاووهەوا ناخۆش بووە، هەردووکیان پەنایان بردووەتە بەر پەناگایەک و هەر کە لێی نزیک بوونەتەوە دەڵەورچێک شاڵاوی بۆ هێناون و پەلاماری داون، ئەمانیش لە دەستی هەڵهاتوون بەڵام ورچەکە توانیویەتی ئەمیان بریندار بکات و ئەوی تریان بە سەلامەتی خۆی گەیاندووەتە جووتیارانی ئەو ناوە و ئەوانیش بە هانایانەوە هاتوون و بریندارەکەیان لە دەست دەڵەورچەکە ڕزگار کردووە. پاشانیش بۆیان دەرکەوتووە کە دەڵەورچەکە لەبەر پاراستنی بەچکەکانی، کە جووتیارەکان پاشان لەناو کونەکەدا دۆزیبوویاننەوە، پەلاماری ئەوانی دابوو.

## مەندەلی

وێستگەی سێیەمی باوکم، مەندەلی بوو و حاڵوئەحواڵی ئەوێش، ئەگەرچی دەکەوێتە ئەوپەڕی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی کوردییەوە، لەگەڵ حاڵوئەحواڵی باکووردا جیاواز بوو. لەگەڵ جیاوازیی دیمەنەکانی شارۆچکەی مەندەلی و ناوچەکانی دەوروبەری و جیاوازیی سروشت و ئاووهەواکەی لەگەڵ ناوچە شاخاوییەکانی باکووردا، بەڵام باوکم توانی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا خۆی بگونجێنێت و پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ بەشێک لە خەڵکەکەدا ببەستیت. هەروەها کۆمەڵێک یادەوەریی لەوێش هەبوو. یەکێک لەو یادەوەرییانە ئەوە بوو کە جارێکیان بەچکە لەقلەقێکی پەککەوتوو لەنزیک حەوشەی ماڵەکەیەوە دەدۆزێتەوە و ــ لە هەندێک ناوچەی عیراقدا "حاجی لەقلەق"ی پێ دەڵێن! هەر یەکسەر بە خزمەتکارەکەی دەڵێت کە ئاگاداری بکات و خواردنی بداتێ، ئیتر بەرەبەرە بەچکەلەقلەق گەورە دەبێت و دەبێتە باڵندەیەکی باڵابەرزی جوان و باوکیشم لە ماڵەکەدا ڕایدەهێنێت و لای خۆی دەیهێڵێتەوە. لەڕاستیشدا لەقلەقەکە



مەلیک غازی

وەکوو باڵندەیەکی ماڵی لێ دێت و بەبێ ئەوەی ببەستریتەوە لەناو حەوشەی ماڵەکەدا کە بە پەرژینێکی گەورە دەورە درابوو دەمێنێتەوە و بەرزیی پەرژینەکەش وا دەکات کە نەتوانێت بفڕێت، چونکە وەک دەزانین لەقلەق پێویستی بە ماوەیەک ڕاکردنە بەسەر زەویدا بەرلەوەی لە شەقەی باڵ بدات و بفڕێت.

## بەغدا

بەغداش، پایتەختەکەی مەنسور و هارونە ڕەشید، وێستگەی چوارەم و دواوێستگەی باوکم بوو لە عیراق. ژیانی کۆمەڵایەتیی بەغدا، بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا، ژیانێکی دەوڵەمەتر بوو، لەڕاستیشدا باوکم تێکەڵ بوو بە کۆمەڵی ئەوسای بەغدا و هەڵبژاردەی ئەو کۆمەڵە و ژینگەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسیی شارەکە. لە دۆستەکانی ئەو پیاوانی گەورە و پیاوماقوڵانی خێزانی ئال ئەلدەفتەری و ئال ئەلقەساب و ئال ئەلشەربەتی و خێزانانی تر بوون و تائێستاش وێنەکانیان لەناو ئەو کۆمەڵە وێنە تایبەتەدا کە لای خۆمان پارێزراون، هەر ماون. ئەوەی کە جێی سەرنجیشە هەندێک لەو کەلەبەرانەی کە کەوتوونەتە ناو یادەوەرییەکانی ئەو ماوەیەوە، دووریش نییە بە مەبەست

بووبێت، مامۆستای زانا و دیپلۆماسیی هاوڕێم نەجدەت فەتحی سەفوەت بۆی پڕ کردوومەتەوە! کە بەچاکی باوکمی بە بیردا دێتەوە لەو سەردەمەدا کە دوکتۆری خانەی مامۆستایان بووە لە بەغدا.

لەکاتێکدا کە خەریکی باسوخواسی گشتی بووین لەسەر عیراق بە مامۆستا نەجدەتم وت کە باوکم کاتێک لە بەغدا بووە پێوەندی بە فلانەکەسەوە کردووە. ئەویش قسەکەی پێ بڕیم و لێ پرسیم: "باوکت ناوی چییە؟" کە وەڵامم دایەوە، وتی: "باوکت دوکتۆر نەبوو و ماوەیەک لە بەغدا لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکاندا لەوێ کاری نەکردووە؟" کە پێم وت: "بەڵێ!" وەڵامی دامەوە و وتی: "زۆر چاک دەیناسم... ئەو کاتەی خوێندکاری خانەی مامۆستایان بووم. دەشزانم کە ئەو شاعیرش بوو و هەندێک لە شیعرەکانیشم لە بەر بوو" و ئەمجا بەیتێکی بۆ خوێندمەوە لە شیعرێکی کە لە بۆنەیەکی سیاسیدا وتبووی.

ئەوانە چەند چرکەیەکی خۆش بوون، چەند حەزم دەکرد کە لەگەڵ ئەودا جارێکی تریش بیانگێڕمەوە.

ڕەنگە باوکم بە حاڵی ئەمڕۆی عیراق و حاڵی ئەمڕۆی لوبنان بەختیار نەبووایە. ئەو ئەم دوو وڵاتەی خۆش ویست، خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە، بەڵام هەرچۆنێک بێت سەبارەت بەوەی کە لەبارەی کوردەکان و عیراق و عیراقییەکانەوە دەیزانی لە زۆر شت



ئەیاد ئەبوشەقرا



مەلیک فەیسەڵ

ئاگاداری دەکردم. بێگومانیشم لەوەی کە زانینی ئەو لەو بارەیەوە زۆر لەوە زۆرتر و دەوڵەمەندتر بوو کە هەندێ کەس دەیزانن ـ یان نایزانن! ـ ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن نەخشەی دوارۆژی ئەم وڵاتە ئازیزە بکێشن.

**... هەر لەبەر کارەکەی و گرنگیدانی تایبەتی خۆشی لەگەڵ زۆر لە خێڵە کوردەکانی ناوچەکە و پیاوە گەورەکانیان ئاشنایەتی پەیدا کردبوو. یەکەم جار ناوی مەلا ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی، کە هاوتەمەنی باوکمە و وەکو ئەویش لەدایکبووی ساڵی (١٩٠٣)ە، لەو بیست. هەروەها ناوی گرنگترین خێڵ و خێزانە گەورە کوردەکانیشم هەر لەو بیست...**

ئێستا و داهاتووی عیراق و تێڕوانینەکانی د. مەحمود عوسمان

# د. مەحمود عوسمان: بەگشتی بارودۆخەکە بەرەو پاشەکشە چووە، ئەمریکا و بریتانیا دەزانن کە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام پێیان شەرمە بڵێن فەشەلمان هێناوە و دەبێت پلانەکە بگۆڕین

سازدانی: مەڵبەند

*پ: تێڕوانینی ئێوەی بەڕێز بۆ ئێستا و داهاتووی عیراق چۆنە؟*

و: دامەزراندنی عێراق بەپێی ڕەزامەندیی هەموو لایەک نەبووە، لەبناغەوە وڵاتێکی بەهێز نەبووە، شەڕ و کوشتاری تایەفەگەری وایکردووە بناغەیەکی ڕێکوپێک و باشی نەبێت. لە سەردەمی پاشایەتیشدا، بارودۆخ هەر بەخراپی ڕۆیشت تا کاتی سەدام؛ کە ئەویش ٣٥ ساڵ بە کوشتن و بڕین و خوێنڕشتن ڕاگیری کرد. پابەستی زۆرەملێیش ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت، وەکو ئەوەی کە بینرا و دەبینرێت دوای لابردنی سەدام هەر لایەنە و داوای مافی خۆی دەکات.

هێزەکانی هاوپەیمانان، پلانێکی پتەویان نەبوو، بەڵکو سیاسەتی تەجروبەکردنیان هەبوو، کە هەرجارە و لەگەڵ لایەنێکدا هەوڵیان دەدا و تاقییان دەکردەوە. جارێک لەگەڵ شیعە و جارێک لەگەڵ سوننە و لایەنەکەی تریان پشتگوێ دەخست. ئەمەش ڕەنگدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە وەکو ئەوەی بینرا، ئیرهابی و پیاوخراپ ڕوو لە زیادبوون بوون. کاتێک کە شیعەکان زۆر گرنگیان پێدرا، سوننەکان زەختییان زیاتر دەکرد و هەوڵی کاری ئاژاوەگێڕیی زیاتریان دەدا و ئیرهابیان لە دەرەوەی عیراق و وڵاتانی دراوسێ دەهێنا و بەشداریی کاری تەقاندنەوە و کوشتاریان پێدەکردن، بۆیە تەجروبەی بریتانیا و ئەمریکا لە سێ ساڵی ڕابردوودا بریتی بوو لە سیاسەتی زیکزاککردن .

ئەمریکاییەکان کەسانی کەمشارەزایان هێنا بۆ حوکمی عیراق، ئەو کەسانە کۆمەڵێ کەلێنیان بە جێ هێشت کە لەپاشاندا بە کەس چاک نەکرا. (سی. پی. ئەی.) کۆمەڵێ گەندەڵی دروست کرد کە



دوکتۆر مەحمود عوسمان

تائێستاش ئاسەوارەکەی هەر بەڕوونی ماوە. بۆیە ئەم جۆرە کارانە و کاری تری لەو بابەتە، شیرازەکەیان تێکدا.

شیرازەی دەوڵەت بە سەدامەوە بەند بوو، کە ئەو نەما دەوڵەتیش نەما، جا کە هاوپەیمانان هاتن دەبوو حوکمڕانیان لە جۆری دیکتاتۆری بەدناوەوە بگۆڕییایە بۆ باشتر، بەڵام بارودۆخەکە بوو بە پاشاگەردانی.

ئێستا عیراق لە قۆناخی گۆڕاندایە، (عەلاوی) بۆ (جەعفەری) دواتر بۆ (مالکی)، بەڵام ئێستاش ڕوون نییە چی بەسەر ئەم وڵاتە دێت. یوگسلافیا بوو بە سێ بەش (سربیا، کرواتیا و بۆسنیا) چونکە تیتۆ بەستبووی بەخۆیەوە، بۆیە لەدوای نەمانی ئەو وڵاتەکە لەتلەت بوو.

ئێستا ململانێکە دینی و مەزهەبییە، دین ئێستا زاڵە، بۆیە ئەو نەتەوەیەی کە دینی نەکردۆتە شیعار دەنگی نییە. هەروەکو دەبینرێت ئەوەی دەنگی هەیە و دەسەڵاتی هەیە لایەنە دینییەکانن، جا چ شیعە بێ یا سوننە.

هۆکاری کوشتنی شیعە و سوننە، خەڵک و جەماوەر نییە، بەڵکو سەرکردایەتیی سیاسیی لایەنەکانە، جا چ سیستانی یا الحکیم یا سەدر یا سەرکردەیەک لە سەرکردەکانی سوننە بێت، بنەڕەتی ڕکەبەرێکە ئەوانن. هەتا براکوژیی کوردیش، هۆکارەکەی سەرکردەکانمان بوون نەک جەماوەر. لە هەندێ شوێنی عیراقدا، ڕکەبەرێکە لە مەزهەبییەوە بووە بە قەومی، وەکو ئەوەی کە لە موسڵ دەبینرێت.

بەگشتی بارودۆخەکە بەرەو پاشەکشە چووە، ئەمریکا و بریتانیا دەزانن کە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام پێیان شەرمە بڵێن فەشەلمان هێناوە و دەبێت پلانەکە بگۆڕین. بۆیە بارودۆخەکەش هەر بەرەو خراپی دەڕوات، ئەمە جگە لەوەی کە داهاتوویش ڕوون نییە. لێرەوە خەڵکی عیراق زەرەرمەند دەبێت و گێروگرفت بەرەو زیادی دەبێت.

ئێستا ئەوەی دەبێت بکرێت پێداچوونەوەی ئیشوکارەکانی ئەم سێ ساڵەیە، ئەمەش بە هاوئاهەنگیی هەموو لایەنەکان دەبێت، چ هاوپەیمانان و چ لایەنی کوردی یا عەرەبی شیعە یا سوننە.

دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە لایەنەکان لە بارودۆخی ئێستادا هەڵسوکەوت لەگەڵ هۆکار ناکەن، بەڵکو لەگەڵ بەرهەمی دەکەن، بۆیە تیرۆریست لە زیادبووندایە. هەڵسوکەوتەکان نادروستن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ناچن ڕووبەڕووی لایەنی بەرهەڵستکار بن، داوای گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن و گوێ لە خواستەکانیان بگرن، بەڵکو دەچن هێز بە کار دەهێنن. لەبەر

ئەمانەیە مروڤ ناتوانێت گەشبین بێت.
ناوچەی کوردستان جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، چونکە لە ساڵی ١٩٩١ەوە لەژێر دەستی ڕژێمدا نییە و حوکمی خۆی دەکات، بۆیە خەڵکەکەی ئەو نارەزاییەی نییە لە دەست هاوپەیمانان، بە بەراورد لەگەڵ ناوەڕاست و باشووری عیراق. بۆیە کورد هاوکاریی هاوپەیمانان دەکات و دەیەوێت بمێنێتەوە.

کورد دەبێت سوود لەو واقیعە ببینێت، جاران دەنگی نەدەگەیشت پێیان، بەڵام ئێستا خۆیان لەبەردەممانن. لێرەوە دەبێت سوود لە دروستکردنی کیانێک ببینین کە ئەمەش بە پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانەوە دەبێت کە جووڵانەوەیان لەسەر بنەمایەکی واقعیانەیە.

ئێستا بارودۆخ لەبارترە، بەڵام هەرچەندە هەردوو ئیدارەکە یەکی گرتەوە، بەڵام هێشتا زۆر کاری تر ماوە کە دەبێت بکرێت، لەوانە نەهێشتنی گەندەڵی، دروستکردنی لۆبیی کوردی لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی ئەمریکا و بریتانیا، هاندانی دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و گەڕاندنەوەی ناوچە ئیدارییە دابڕاو و بەعەرەبکراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان. کە ئەمانە بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە نابێت چاوەڕێی حکوومەتی عیراق بین، بەڵکو دەبێت خۆمان دەستپێشخەر بین. گەر عیراق ڕووخا، دەبێت هەوڵی دروستبوونی کیانێکی تر بدەین، ئەگەر مایەوە و پتەو بوو، ئەوا دەبێت ئەو هەرێمە فیدراڵەی کە هەیە، گەشەی پێبدرێت و پەیوەندییەکانی و بنەما ئابوورییەکەی بەهێزتر بکرێت.

بنەمای ئابووری زۆر گرنگە، کارەبا، سەد، بەرهەمهێنان بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەداخەوە تا ئێستا بودجەی حکوومەتی هەرێم لە بەغداوە دێت، پرسیارێک هەیە ئەگەر ئەو یارمەتییە نەما چ بکەین؟ بۆیە دروستبوونی کیانێک کە بنەمایەکی ئابووریی بەهێزی هەبێت زۆر گرنگە. ٧٦٠ هەزار مووچەخۆر هەیە لە کوردستاندا، گۆڕینی کوردستان لە کۆمەڵگایەکی بەکارهێنەرەوە بۆ بەرهەمهێنەر زۆر گرنگە و زۆریشی دەوێت.

لە دەستووری عیراقیدا هەوڵمان دا زۆر شت بچەسپێنین، لەوانە مافی چارەنووس، بەڵام نەچەسپا، کەواتە سنوورێک هەیە کە ئەم سنوورەش ڕێگەگرە لە بەردەم زۆر شتدا و لەمپەرێکە بۆ بەدیهێنانی زۆر ئامانجی سەرەکی. واتە بەرهەڵستکاری زۆرە. دەبێت کوردیش لەمپەری خۆی هەبێت بۆ بەرگەگرتن و بەرگرتن، ئەمەش بە ڕێگەی زیاتر یەکگرتنەوە و هاوتەبایی و بەهێزکردنی پاراستنی ئەمن و ئاسایشەوە مسۆگەر دەکرێت.

*پ: ئایا بەڕێزتان ستراتیجیەتی ئەمریکا چۆن دەبینن، لەکوێوە هاتووە و بەرەو کوێ دەڕوات؟*

و: ڕووخاندنی سەددام کارێکی باش بوو، بەڵام ئەمریکاییەکان پلانی دوای ڕووخاندنیان نەبوو، هاتن ڕووخاندیان و دانیشتن، کە عیراق درایە دەست پنتاگۆن، هەڵە بوو. یەکێ لەو هەڵە گەورانەی کە کردیان فڕێدانی کۆمەڵێ بەڵگەی گرنگ بوو، چونکە (ڕامسفێڵد) بڕوای بەو شتانە نەبوو، بۆیە ئەو شتانەی کە گرنگ بوو بکرێن، نەکران!

سەرەڕای ئەوەی کە دراسەیەکی فیکری، کۆمەڵایەتی، دەروونیی کۆمەڵگای عیراقیان نەکرد، بگرە وڵاتەکەیان وەکو مەرکەزێکی تجاری هاتە بەرچاو.

(CPA) هات، دەورێکی زۆر خراپی بینی و کۆمپانیای جۆراوجۆری لە وڵاتانەوە هێنا، بەبێ ئەوەی دەوری باش ببینن. لە ڕوویەکی ترەوە، ڕێپێشاندەرەکانیان زیرەک و وریا نەبوون، بۆ نموونە چەکیان لە کەس کۆ نەکردەوە ، ئەوانەی کە لەگەڵ سەدام بوون کێشەیان چارەسەر نەکرا، بۆیە خەڵکی بەعس مایەوە و چەکیان هەڵگرت، ئەمانە ئەمریکاییەکانیان بە داگیرکەر دانا.

هەر لێرەوە کاری تیرۆر و ئیرهابی دەستی پێکرد و لەگەڵ ئەمانەشدا تورکیا و ئێران و سوریا دەوری تێکدەرانەیان هەبوو لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاسایشدا، بۆیە ئەم بارە نالەبارە نە بە عەلاوی و نە بە جەعفەری و نە بەوانی تر حەل نەکرا و بارەکە ئاڵۆزتر بوو.

ئێستا ئەمریکاییەکان و بریتانیاییەکان دەزانن سەرکەوتنیان بە دەست نەهێناوە، دەیانەوێت دەرچن لە عیراق بەڵام لەسەر بنەمای دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ عیراقییەکان و هەروەها دانانی ئێستگا و بنەمایەک لە عیراقدا.

ئەمریکا پێداچوونەوەی سیاسی نییە، بۆیە هەڵە لەدوای هەڵە دووبارە دەبێتەوە، لە خۆیان ناپرسن بۆ خەڵک بەرهەڵستکارە؟ کە ئەمەش دیارە ناتەواوی هەیە یاخود دووبەرەکییەک هەیە و کاری خراپ لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە لەناو حکوومەتدا دەبینرێت.

هاوپەیمانان کە هاتنە ناوەوە بە هەڵەدا کەوتن، دراسەیەکی قووڵی بارودۆخەکەیان نەکرد، سەرەتا لایەنگری شیعەیان کرد و دژی کورد و سوننە بوون، کە ئەمەش وایکرد مقاوەمەی سوننە دروست بێت. دواتر بۆیان دەرکەوت کە کارێکی باش ناکەن، لە سوننە نزیک بوونەوە و شیعەیان پشتگوێ خست. لە هەردوو بارەکەدا، تەنیا لایەنێک کە دڵسوز و لایەنگری هاوپەیمانان بوو کورد بوو، بەداخەوە ئەوان لەبەرامبەردا لەگەڵ کورددا باش نەبوون.

بۆ نموونە لە دەستووردا دژی کورد بوون، هەروەها لە گێڕانەوەی ناوچە ئیدارییە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان سست و بێ دەنگ بوون. بەکورتی گرنگیپێدانەکە زیاتر بەرەو لای شیعە و سوننە بوو.

ئەمریکا هیچ وەختێ بۆ کورد وەکو نەتەوە کار ناکات، بەڵکو بگرە بە کوردەکانی تورکیا دەڵێت تیرۆریست، یان ئەو نرخە بۆ کوردی هیچ پارچەیەک دانانێت.

*پ: ئەگەر بارودۆخەکە وایلێهات بریتانیا و ئەمریکا لە عیراق بکشێنەوە، تا چ ڕادەیەک لایەنەکان لە عیراقدا زەرەرمەند دەبن؟*

و: لە دەرچوونی کتوپڕدا زۆر زەرەرمەند دەبن، بۆیە دەبێت لەگەڵ حکوومەتی عیراقدا ڕێک بکەون کە ئەمەش لەدوای خۆگرتنی حکوومەتی عیراق و بەرقەراربوونی ئەمن و ئاسایش دێت و دەبێت هێواش هێواش دەربچن، بۆیە ئەگەر بتوانن خشتەیەکی زەمەنی بۆ هەنگاوەکانی کشانەوەیان دابنێن ئەوا سوودی چاک وەردەگرن، چونکە ڕێکەوتنی سیاسی، شەڕوشۆڕ کەم دەکاتەوە.

لەبارەی کوردستانەوە، ناوچەی کوردی گرفتی نییە لەگەڵ ئەمریکاییەکان و بیروڕای کورد پێچەوانەیە، حەز دەکات بمێننەوە ئەمەش لە ترسی تەداخولی تورکیایە، بەڵام ئەگەر ئەمریکا لە عیراق دەرچوو دەتوانێت لە کوردستان بمێنێتەوە؟ ئەمە ئاسان

نییە، چونکە کوردستان بەشێکە لە عیراق، لەم کاتەشدا کشانەوەی ئەمریکا لە کوردستاندا گرفت بۆ کیانی کوردی دروست دەکات.

*پ: سەبارەت بە پشتگیریی نێونەتەوییی دەوڵەتان بۆ کورد، ئەوروپا دەورێکی باش دەبینێت بەتایبەتی دوو وڵاتی وەکو فەرەنسا و ئیتاڵیا، ئەمە لە کاتێکدایە، کە کورد هەموو هیوایەکی ئەمریکایە، ئێوە چۆن دەڕواننە هاوتاکردنی ئەو پەیوەندییانە؟*

و: ئەمریکا زلهێزە، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت هەموو هێلکەکان بخەینە سەبەتەی ئەوانەوە. ئەوروپا گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە ، ڕوسیا و چین بە هەمان شێوە گرنگن، کە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا دەتوانن دەنگیان هەبێت و مافی ڤیتۆ بە کار بهێنن. ئەمە جگە لەوەی کە پەیوەندی توندوتۆڵکردن لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانیش زۆر گرنگە، چونکە دەبێت ئێمە کێشەکەمان بە هەموو لایەک بناسێنین و بیسەلمێنین کە دژی کەس نین، بەڵکو تەنیا داوای مافی ڕەوای خۆمان دەکەین.

*پ: چەند دراوسێیەکی بەهێزمان هەیە، تورکیا و ئێران، کە بەشێکی گەورەی کوردیش لەوێ دەژێت، ئەو وڵاتانە زۆر نائارامن بەتایبەتی بۆ کورد، پێت وایە کورد چۆن مامەڵەی لەگەڵ تورکیا کردووە و چی بکات باشە لەداهاتوودا بۆ ئەوەی ڕێی لێنەگیرێت؟*

و: دوژمنی سەرەکیی کورد، لایەنە جوگرافیاییەکەی بۆی دروست کردووە. کە دەریایەک نییە لە وڵاتانی تر دایببڕێت. ڕەچاوکردنی دەوروبەر و بوونی وڵاتانی دراوسێ زۆر گرنگن، بۆیە هێشتنەوەی ئارامی زۆر گرنگە. سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیش پێی وایە هێشتنەوەی پەیوەندی و بەهێز کردنی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا، بەڵام نەک لەسەر حیسابی کورد و قەبوڵکردنی هەموو شتێک، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە.

پەیوەندی بە چەند شێوەیەک بێت، وەکو ئەوەی ئێستا پەیوەندیی بازرگانی هەیە و چەندین کۆمپانیای هەمەجۆر هاتوونەتە کوردستانەوە. لە ڕوویەکی ترەوە تێیان بگەیەنین کە کێشەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا دەبێت بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت، نەک بە شەڕ و کوشتار. هەروەها پەیوەندیی پارچەکانی تری کوردستان لەگەڵ پارچەکەی عیراق، دەبێت بۆ سەرخستنی ئەم پارچەیە بێت، نەک بۆ دەست خستنە ناو کار و تێکدان.

**... شیرازەی دەوڵەت بە سەدامەوە بەند بوو، کە ئەو نەما دەوڵەتیش نەما، جا کە هاوپەیمانان هاتن دەبوو حوکمڕانیان لە جۆری دیکتاتۆری بەدناوەوە بگۆڕییایە بۆ باشتر، بەڵام بارودۆخەکە بوو بە پاشاگەردانی...**

*پ: بە ڕای ئێوە، ئایا ئێمە دەبێت چون کار بکەین بۆ ئەوەی کێشەی گەورەی کەرکووک چارەسەر بکەین؟*

و: خۆی لەڕاستیدا دوو لایەن هەن، لایەنی فەرمی و لایەنی نافەرمی. لایەنی فەرمی ئەوەیە کە بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر چەند خاڵێ لەناو دەستووری عیراقدا چەسپاوە و باس لە مەسەلەی چارەنووسی کەرکووک کراوە، تەنیا هەنگاوەکانی جێبەجێکردن ماوە، کە ئەویش بەسەر سێ قۆناغدا دابەش کراون، لەوانە: گێڕانەوەی ناوچە ئیدارییە دابڕراوەکان، سەرژمێریکردن و دواتریش ڕاپرسی.

بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دەبێت بە ژێری هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنەکاندا بکرێت جا چ عیراقی و چ عەرەبی بن.

لایەنی دووەم، کاربەدەستە کوردەکانی کوردستان و کەرکووک دەبێت چاوکراوە و وریا بن و بەدوای بابەتە هەنووکەیەکاندا بچن و بواری فرتوفێڵ و خۆگێلکردن نەدەن. سەرباری ئەوانەش دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئەو ناوچانەدا ببەسترێت کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، بە جیاوازیی نەتەوایەتی و مەزهەبی و ئایینییەوە، هەوڵ بدرێت کێشەی کوردیان تێبگەینرێت بۆ ئەوەی پشتمان بگرن، چونکە ئەمە مایەی سەرکەوتنێکی باشە کە بەرزیی پەیوەندی نێوان کورد و کورد و غەیرەکورد دەردەخات.

*پ: بەگشتی بارودۆخی کوردستان و ئیدارەی کوردی چۆن دەبینیت، تا چ ڕادەیەک دەتوانێت لە پەرەسەندنی بنەما ئابوورییەکاندا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت؟*

و: حکوومەتەکە تازەیە، بەرنامەی باش لەلایەن کاک مەسعود و کاک نێچیرەوانەوە خوێندرایەوە. گەر نیوەی ئەو خاڵانەش جێبەجێ بکرێت زۆر گرنگە، کە هەڵبەتە ئەمەش کاری جیدی دەوێت، گرنگترینیان دەرچوونە لە کاری تەسکی حیزبایەتی و بیری قەتیسماوی خۆپەرستی و چوونە قووڵیی کوردایەتییە. هەر لەمەشەوە هەموو لایەک کۆ دەبنەوە دواتر ئەم کۆبوونەوەیەش کاری گەورەتر و باشتری بەدوادا دێت و کاری پراکتیکی دەست پێدەکات.

*پ: هەڵسەنگاندنتان بۆ پاشەڕۆژی کورد و مەسەلەی کورد، بەتایبەتی لە ڕووی دروستبوونی دەوڵەتی کوردییەوە، چۆنە؟*

و: ئێمەی کورد نەتەوەین، دەوڵەت مافی خۆمانە، دروستبوونی دەوڵەتیش پەیوەندی بە مەسەلەی سیاسەتی دەولییەوە هەیە. هەروەکو بینیمان چەند دەوڵەتێک لەم دواییەدا دروست بوون، کە پەیوەندی بە گۆڕانی سیاسەتی دەولییەوە هەبوو. بێگومان کوردیش هیچی لەوان کەمتر نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەبێت خۆی فەرز بکات بەسەر بارودۆخەکەدا و هەوڵی زۆرتر بدات.

ئێمە کیانی فیدراڵیمان هەیە بەڵام ئەمەش کەموکورتی زۆرە، چەندین ناوچەی لێ دابراوە، بۆیە ئێمە دەبێت ئامادە بین بۆ گێڕانەوە و یەکخستنەوەی ئەو دابڕاوانە.

نابیت چاوەڕێی کەس بین، دەبێت بە پراکتیک بیسەلمێنین و پێشانی بدەین کە ئێمە دەمانەوێت قەوارەیەک دروست بکەین. ئەو وەختە دەبێت ئامادە بین بۆ گۆڕانێکی سیاسیی نێونەتەوەیی کە بە هاوکار لەگەڵ بوونی لۆبییەکی بەرز لە دەرەوە، ئەوکات فرسەت دەبێت بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ لەسەر خاکی دێرینی کورد.

ئەمە کەس بۆتی ناکات، دەبێت، لە یەکەم هەنگاوەوە تا کۆتایی، خۆمان بیکەین و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و یەکهەڵوێستیی کورد فاکتەری سەرەکیی ئەو بونیادنانەیە.